کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم ژمارەی ١٩١ نیوەی ئەوەڵی پووشپەڕی ١٣٨٣- جولای ٢٠٠٤

# ڕژیم کرێکارانی سەقز بە تاوانی هەوڵدان بۆ بەرپا کردنی مەراسمی ١ی مەی دادگایی دەکات

٤ کەس لە گیراوەکانی ئەوەڵی مانگی مەی سەقز کە بە قەراری وەسیقە ئازاد کرابوون بەرگەی بانگهێشت بۆ دادگایان پێ گەیشتووە. بەپێی ئەم راپورتە لە ڕۆژانی رابردوو "جەلالی حوسەینی"، "محەممەدی عەبدی پور" و "بورهانی دیوان گەر" و ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی پوشپەر "مەحمودی سالحی" بەرگەی دادگایان بۆ ڕۆژی ٣ی خەرمانان وەرگرتووە.

بروانە ل ٢



## کرێکارانی نانەواخانەکانی شاری سنە

- بەڵێنییەکان جێبەجێ نەبوون
- نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعات لە وتووێژەکان دا چ دەکات؟
- ئەگەری کەوتنە ڕێی مانگرتنێکی تەواو

بروانە ل ٢

## ڕاهێنانی جەماوەر بە ژیان لەژێر سێبەری دیکتاتوریدا

### لە دوو تۆیی یاسای "بەرگری لە سەلامەتی نیشتمانیی"دا

کۆمەلانی خەلکی عیراق رۆژانیکی دژوار تیپەر دەکەن، سەرەرای هەموو میژووی پر لە کارەساتی ئەم ولاتە لە ٢٥ سالی رابردوودا بەردەوام شەر و مال ویرانی و کوشت وبر، ئاوارەیی و دەربەدەری، میوانی ئەو ولاتەیە و ساتیك ژیان بە ئاشتی بۆ جەماوەر بوەتە ئاواتیکی دورە دەست. نەوت وەکوو سەروەتیکی سروشتی ئەو ولاتە نەك هەر نەبووەتە مایەی ئاوەدانی و پیشکەوتن، بەلکوو دام و دەزگای دیکتاتوریەتیکی رەشی پێ پەروەردە بووە و عیراقی کردوەتە مەیدانی زۆرانبازی دەولەتانی گەورەی سەرمایەداری دنیا.

یەك سال دوای روخانی رژیمی بەعس نەك هەر نیشانەیەك لەو دیموکراسیەی کە وادە درا دیار نیە، بەلکو بەرە بەرە شاهیدی بوژانەوەی هەموو دامەزراو و سوننەت و یاسایەکین کە رژیمی لەناو چووی بەعس حکومەتی پێ دەکردن. ئەمرۆ بۆ زۆرکەس ئەو راستیەش دەرکەوتوە کە دەولەتی ئامریکاش نە دەیهەوێ و نە دەتوانی دەرگای دیموکراسی بەرەوروی ئەو ولاتە بکاتەوە و بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی ئامادەیە لەگەل هەر مەیل و بۆچوون و هەر هیزیکی کۆنە پەرەست و دواکەتووش ریك بکەوێ.

یاسای "بەرگری لە سەلامەتی نیشتمانی" کە لەم رۆژانەی دواییدا لەلایەن ئەیاد عەلاوی سەرۆك وەزیری تازەی عیراق لە یەکەم فەرمانی دەست بەکار بوونی حکومەتەکەیدا مۆر کرا، سنوورەکانی دیموکراسی لەو ولاتەی دیاری کرد. ئەگەرچی بەشی زۆری برگەکانی ئەو فەرمانە رووی لەو توندوتیژییەیە کە ئەمرۆ لە عیراق لە کایە دایە، بەلام ئەوە نابیتە هۆی ئەوەی کە ناوەرۆك و جیگا و شوینی راستەقینەی ئەو فەرمانە نەبینین.

بەپیی یاسای "بەرگری لە سەلامەتی نیشتمانی": سەرۆك وەزیر بۆی هەیە هەرکات کە بیهەوێ باری نائاسایی لە هەر ناوچەیەکی عیراق دا رابگەیەنێ و لەژیر ناوی "حالەتی نائاسایی‌دا" پیش بە هەر چەشنە جم و جۆلیکی نەیارانی حکومەت بگری... هیزە چەکدارەکان وهیزەکانی ئەمن و ئیستخبارات و موخابرات راستەوخۆ بە سەرۆك وەزیرانەوە گرێ دەدرین و...

ئەوەی کە دەرچونی وەها فەرمانیك لە هەل و مەرجی ئیستای عیراق دا چەندە دەتوانی بۆ سەقامگیر کردنی دەولەتی تازەی عیراق لە جەرگەی پیکادان و توندوتیژی و تیروریزمیك کە لە کایە دایە کاریگەر بیت، زۆر جیگای پرسیار نیە. چونکە بۆ هەموان و لەوانە بۆ ئامریکایی‌یەکانیش کە هیشتا دەسەلاتی واقعی ئەو ولاتە هەر ئەوانن، ئەوە روونە کە بۆ بەرەوروو بوونەوە لەگەل ئەو وەزعە گیروگرفتیکی "یاسایی‌یان" نیە.

شەرەکانی ناوخۆیی ئەم یەك سالەی دوای روخانی سەدام کە تییدا بە هەزاران کەس لە خەلکی ئاسایی تیدا چوون نیشانی دا کە دام و دەزگای دەسەلاتدار لەو ولاتە پەکی لەسەر پاساوی یاسایی بۆ بەرەورو بوونەوە لەگەل نەیارانی چەکداری خۆی نەکەوتووە و پیویستی مۆر کردنی وەها فەرمانیك لیرەوە نەهاتووە. ئەم یاسایە لە ناوەرۆکی واقعی خۆیدا خەریکە دەولەتی تازە بە جەماوەریك کە لەوانەیە تووشی "تەوەهومی دیموکراسی" بووبن، دەناسینی. ئەم یاسایە ریگا خۆش کردنە بۆ ئەوەی لەژیر سیبەری "بەربەرەکانێ لەگەل تیروریزم" دەولەتی تازە شیوەکانی دەسەلاتداریتی خۆی تاقی کاتەوە و وەکوو ئەمری واقع بە جەماوەری بناسینی و تاکە کەسەکان، حیزب و ریکخراوە سیاسی‌یەکان، مەیل و بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکان، هەموویان سنوری ئازادی خۆیان بناسن. ئەو یاسایە لە داهاتوودا پیش ئەوەی کە لەدژی توندوتیژی چەکدارانە بەکار بیت، بەکردەوە لەدژی نارەزایەتی دەربرینی مەدەنی کەلکی لی وەردەگیری و ئەو جۆرە نارەزایەتی دەربرینە لەژیر سیبەری وەها فەرمانیك دا مۆری هاوسەنگەر بوون لەگەل تیروریزمی لی دەدری و پاساوی سەرکوت کردنی بۆ دەدۆزریتەوە.

ئەمە شیوە کاریکی ناسراوە. دەولەتی ئامریکا خۆی روداوی تیروریستی ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١ی وەکوو پاساویك بۆ سیاسەتی میلیتاریستی خۆی لە جیهان بەکار هینا. لە ناوخۆی ولاتدا گەلیك قانون کە لە تەسەوری هیچ هاوولاتی‌یەکی ئامریکایی‌دا نەدەگونجا، بەکردەوە بەریوە چوون.

ئەمە زمانیکە کە ئەمرۆ هیچ کاریگەری‌یەکی لەسەر کۆتایی هینان بە توندوتیژی و تیروریزم نیە بەلام سبەینی لەدژی هەر نەیاریکی ئەو دەولەتە لەژیر ناوی "بەربەرەکانی دژی تیروریزم" بەکار دیت. لەژیر سیبەری ئەو فەرمانەدا، دەزگاکانی ئەمن و پولیسی سیاسی سەر لەنوێ ریك دەخرینەوە. یاسای بەرگری لە سەلامەتی نیشتمانی پەیامیکی شاراوەی بۆ هەموو بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکانی پیشکەوتن خواز، بزووتنەوەی کریکاران و ژنان و بزووتنەوەی خەلکی کوردستان، بۆ هەموو ئەوانەی تینوی دیموکراسی لەو ولاتەن تیدایە. ئەو پەیامە ئەوەیە کە جارێ بەناو کاری گەورەترمان بە دەستەوەیە. واز لە داواکاری‌یەکانتان بینن با دەولەتی تازەی لە شەری دژی تیروردا پی لاواز نەبی. ئایا ئەمە وشەگەلیکی ئاشنا نین کە بە زمانی یاسا لەگەلمان دەدوین؟

## کونگرەی ٨ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕێوە چوو

بروانە ل ٢

## ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە مەقەرەکانی کۆمەڵە ڕێزی لێ دەگیرێ

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٣١ی جۆزەردان

بروانە ل ٢



## کرێکارانی گاوشان لە بەردەم شاڵاوی دەرکردن دا

### ٣٢ کرێکاری پڕۆژەی خاك و سەنگ لە سەرکار دەرکران

بەپیی هەوالی گەیشتوو لە کامیارانەوە لە ماوەی ١ مانگی رابردوودا ٣٢ کەس لە کریکارانی پرۆژەی خاك و سەنگی سەدی گاوشان لە سەرکار دەرکراون. ئەو پرۆژەیە دوو سال لەمەوبەر بە ٤٠ کریکارەوە دەستی بەکار کرد و کریکارانی ئەم شیرکەتە لەو ماوەیەدا بە شیوەی قەراردادی کاتی کاریان کردووە. کریکارانی لە سەرکار دەرکراو بۆ نارەزایەتی دەربرین بە دەرکردنیان چونەتە بەر دەرکی ئیدارەی کاری کامیاران. بەلام لەوێ بە مەبەستی تەفرەدان پیان گوتون کە پەروەندەکانیان رەوانەی شاری قروە کراون، بەمجۆرە ئەم کریکارانە کە هەرکامەیان ئەرکی دابین کردنی ژیانی بنەمالەیەکیان لە ئەستۆیە بە بی هیچ مافیك لەلایەن دام و دەزگاکانی رژیمەوە بێوەلام ماونەتەوە.

پیویستە بوتری لە رۆژی ٣ی مانگی پوشپەریش دا لە بەشی هەلتوشانی سەدی گاوشان ١٠ کریکاری‌تر لە سەرکار دەرکراون.

### ١٠ کرێکاری تونیلی هەڵتوشان بێکار دەکرێن

رۆژی چوارشەممە ٣ی پوشپەر ١٠ کەس لە کریکارانی سەدی گاوشان کە لە تونیلی "هەلتوشان" خەریکی کار بوون لە سەرکار دەرکران.

کریکارانی لە سەرکار دەرکراو بە شیوەی قەراردادی کاتی کاریان دەکرد و بەپیی یاسای کاری کۆماری ئیسلامی کریکارانیك کە بە شیوەی قەراردادی کاتی کار دەکەن ئەگەر لەسەر کار دەرکرین ناتوانن لە بیمەی بیکاری کەلك وەربگرن، هەر بۆیە دەکەونە بەر شەپولی دەرکردن لەلایەن خاوەنکارانەوە.

## بەرەی کوردستانی لە پێناو کام ستراتیژ؟

### وتووێژی هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە لەگەل ڕۆژنامەی ئاسۆ

بروانە ل ٣

پێشرەو

دەورەی دووهەم ژمارە ١٩١ نیوەی ئەوەڵی پووشپەڕی ١٣٨٣_ جولای ٢٠٠٤

## پاشماوەی ڕژیم کریکارانی سەقز بە تاوانی ...

بە راستی تاوانی کرێکاری چەوساوە کە تەنیا یەك ڕۆژ لە سال دا بە ناوی ئەو تۆمار کراوە و ویستویەتی لەو رۆژەدا دەنگی خۆی بۆ دیفاع لە ماڧ ژیان و بەرێ چوونی بەرز کاتەوە چییە؟

دەگوتری کە بیدادگاکانی ڕژیم ئەم کریکارانەیان بەوە تاوانبار کردووە کە پەیوەندییان بە هیزەکانی ئوپوزیسیونی کۆماری ئیسلامی و لەوانە بە کۆمەلەوە بووە. ئەوە بیانوویەکە کە ڕژیم بەردەوام بەکاری دینی بۆ ئەوەی ریگا نەدات دەنگی نارەزایەتی کریکار لەدژی هەل و مەرجی دژواری ژیانی بەرز بیتەوە. ئەو کریکارانە هیچ تاوانیکیان نەبووە و جگە لەوەی کە یەکی مانگی مەی، رۆژی جیهانی کریکاریان بە دەرفەتیك زانیوە بۆ ئەوەی هاواری کپ کراوی کریکاری چەوساوە بە گویێی جەماوەر لە ئیران و لە جیهان بگەیەنن.

### نامەی ئیتحادیەی کریکارانی س. ژ. ت فەرانسە بۆ خاتەمی

گیژوکل بەرپرسی بەشی نیونەتەوەیی س. ژ. ت لە نامەکەی خۆیدا بۆ خاتەمی دەنووسی:

ئاغای سەرۆك کۆمار،

رۆژی ئەوەلی مانگی مەی ٢٠٠٤ لە شاری سەقز نزیکەی ١٠٠ ژن و پیاوی کریکار دەستیان دایە خۆپیشاندانیکی هیمنانە. خۆپیشاندەران چەند ساتیك دوای خۆپیشاندان کەوتنە بەر هیرشی هیزەکانی ئینتزامی و لیباس شەخسی و زیاتر لە ٤٠ کەس لەو کریکارانە دەستگیر کران. مەحمودی سالحی سیمای ناسراو کە سالی ٢٠٠١یش دە مانگ خرایە زیندان، جەلالی حسینی و محەممەدی عەبدی پور دوو سیمای مەحەللی و موحسینی حەکیمی ئەندامی ناسراوی کانونی نووسەرانی ئیران، بورهان دیوانگەرد، هادی تەنومەند، ئیسماعیلی خودکام سێ کریکاری خەباتکار لە جوملەی دەستگیر کراوەکان بوون. ئەم حەوت کەسە دوای ئازاد بوونی هەموو گیراوەکان بۆ ماوەیەك هەر لە زیندان دا مانەوە. وەسیقەیەك کە بۆ مەحمودی سالحی دیاری کراوە بەرامبەر بە ٢٥٠ هەزار دولارە. هەروەك ناوبراو وتویەتی ئەم پولە حەقدەستی ١٥٥ سالی کریکاریکی ئیرانە. ناوبراو هەروەها تەئکید دەکات کە ئەگەر کریکاران تەنیا بۆ ئەوەی کە لە رۆژی ئەوەلی مانگی مەیدا خۆپیشاندانی سەربەخۆیان وەری خستووە، زیندانی و هەروەها وەسیقەیان بەسەردا سەپاوە، چ بەهایەك دەبی بۆ خەبات بۆ وەدەست هینانی ماڧ مانگرتن و پیکهینانی ریکخراوی سەربەخۆ لە دەولەت بدەن؟ س. ژ. ت وەکوو یەکەم ریکخراوی ئیتحادیەیی لە فەرانسە لە ئیوەی دەویت کە بۆ کۆتایی هینان بەم گیروگرفتە دژی دیموکراتیکانە و بۆ رەعایەتی ماڧە سەرەتاییەکانی کریکارانی ئیران دەخالەت بکەن.

گیژوکل، بەرپرسی بەشی ئوروپایی– نیونەتەوەیی س.ژ.ت

٢١ی ژوئەنی ٢٠٠٤

## پاشماوەی کریکارانی نانەواخانەکان

هەرەشەی کرێکارانی نانەواخانەکانی شاری سنە بۆ مانگرتنی بەربلاو

کریکارانی نانەواخانەکانی شاری سنە بە ناردنی توماریك بۆ ئوستانداری کوردستان بۆ ئاخرین جار هەرەشەیان کردووە ئەگەر گیروگرفتەکانیان چارەسەر نەکریت دەست دەدەنە مانگرتنی بەربلاو.

پیویستە بوتری، کە دوای مانگرتنی پیشوی کریکارانی نانەواخانەکانی سنە بریار وابو کە حەقدەستی کریکاران بچیتە سەر بەلام تا ئیستا ئەو بریارە بە کردەوە دەرنەهاتووە هەر بۆیە لە ریکەوتی ٨ی پوشپەر کریکارانی نانەواخانەکان بە ناردنی ئەم تومارە هەرەشەیان لە ئوستانداری کردووە کە ئەگەر تا رۆژی ١٧ی پوشپەر خواستەکانیان جێبەجێ نەکریت دەست دەدەنە مانگرتنیکی بەربلاو.

بەرپرسانی ڕژیم مەترسی ئەوەیان هەیە کە ئەم مانگرتنە باقی شارەکانیتری کوردستان بگریتەوە و ئەوە لە وتەکانی بەرپرسانی ڕژیم بە باشی دەردەکەوێ.

## پاشماوەی رۆژی پێشمەرگەی کۆمەلە

رۆژی ٣١ی جۆزەردانی ئەمسالیش وەکوو رەسمێکی هەموو سالە مەراسمکی گەرم وگۆر بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە هاورێیانی پیشمەرگە و بنەمالەکانیان لە مەقەری ناوەندی کۆمەلە لە زرگویز بەریوە چوو. لەم رێ و رەسمەدا پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە لەلایەن هاورێ کەریمی ئەحمەدیەوە پیشکەش کرا، کە دەقەکەی لە خوارەوە دەبینن.

بەشداربوانی خۆشەویست و هاورێیانی ئازیزی پێشمەرگەی کۆمەڵە!

رۆژتان باش. ئەمرۆ ٣١ی جۆزەردان رۆژی پێشمەرگەی کۆمەلەیە. بە هاتنی ئەم رۆژە، ئەمسال ٢٦ سال بەسەر تیکۆشانی پڕ لە ئەزمون و سەربەرزانەی هیزی پیشمەرگەی کۆمەلەدا تێپەر دەبی.

هەر بەم بۆنەوە لە ناخی دلەوە پیرۆزباییتان پێ دەلیم و لە ریگای ئەم تریبونەشەوە پیرۆزبایی گەرمی ئیوە دەگەیەنمە هەموو دۆستان و دلسوزانی کۆمەلە لە شار و شوینە جۆراوجۆرەکانی کوردستان.

هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە وەك باسکی چەکداری خەباتی خەلکی چەوساوە و زەحمەتکیش لە کاتیك دا پیك هات کە دوژمنانی ئەو خەلکە لە هەموو لایەکەوە بۆ سەرکوتی راپەرینی ئەوان و زەوت کردنەوەی دەسکەوتەکانیان، دەستیان دابوە چەك.

دەرەبەگ و کۆنەپەرستەکانی کوردستان چەکدار کرابوون، رژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتوی ئیسلامی، خەریکی خوسازدان بۆ پەلاماری چەکدارانە بۆسەر کوردستان بوو. لە وەها هەل ومەرجیك دا ئەو ئامادەییە لەناو کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان دا پیك هاتبوو کە ولامی بانگەوازی کۆمەلە بۆ مقاومەتی چەکدارانە بدەنەوە و کۆمەلە بەرەوپیری ئەرکەکانی شورشگیرانەی خۆی لەو دەورە نوێیەدا چوو و لەپیناو جێبەجێ کردنیاندا هەم یارمەتی یەکیتی جوتیارانی لە سەراسەری کوردستان دا کە چەکدار بن و هەم هیزی پیشمەرگەی کۆمەلەی ریك خست. سەرەتا بەشەکانی جۆراوجۆری یەکیتی جوتیاران کە لەژیر چاوەدیری و بە رینوینی کۆمەلە دروست ببون، چەکدار کران و دەستەی چەکداریان بۆ پوچەل کردنەوەی پیلانی دەرەبەگەکان، کەوتە جەولە لە ئاواییەکانی کوردستان و لە چەندین شوین لە شەری سەنگەر بەسەنگەردا، ناچار لە پاشەکشە کران و کادری پیشرەو و رابەری وەك هاوری یەحیا خاتونی تییدا گیانی بەخت کرد. هاوکات بنکەکانی فیرگەی کۆمەلە لە ناوچەکانی گەورکی سەردەشت و لە مەریوان، بۆ پەروەردە کردن و ئامادە کردنی کادری هیزی پیشمەرگە کەوتنە ری و چوارچیوەی هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە، لەم تیکۆشەرانە پیك هات کە دەورەی سیاسی و نیزامی خۆیان لەو فیرگانە تێپەر کردبو. هیزەکانی یەکیتی جوتیاران لە مەریوان و دیواندەرە، کامیاران و سەردەشت، مهاباد و باقی شوینەکانی دیکە، ئەرکی خۆیان سەرکەوتوانە و بە باشی جێبەجێ کرد و بونە مایەی هەلوەشانەوەی داروەستەکانی چەکداری ئاغا و دەرەبەگەکان. سەر و دل خۆش بونی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش لە کوردستان بە داهاتویەك کە دەیانهەویست بە دەستی خۆیان بونیاتی بنێن، باوەکو نوینەرانی خەلکی کوردستان ئامادەیی خۆیان بۆ چارەسەر کردنی کیشەکان لە ریگای گوفت و گۆوە و بە شیوەی ئاشتیانە راگەیاندبوو و هەر بەم بۆنەوە هەیئەتی نوینەرایەتی گەلی کوردیان پیك هینابو، بەلام پەرەسەندنی فەزای دیموکراسی و ئازادی لە کوردستان، بۆ رژیمی ئیسلامی تەحەمول نەدەکرا و هەر بۆیە هەموو دەرگاکانی گوفت و گۆی یەکسەر داخست و بە فەرمانی خومەینی لە ٢٨ی گەلاویژی سالی ٥٨دا هیرشیکی بەربلاو لە هەموو لایەکەوە بۆ کوردستان دەستی پیکرد. لەو کاتەوە تا ئەمرۆ هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە، هاندەری خەبات و مقاومەت لە بەرانبەر هیزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیدا بوە و خۆی لە ریزی پیشەوەدا، فیداکاری و گیانبازی کردوە.

خوشەویستان! هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە لە ماوەی زیاتر لە دو دەیە خەباتی خۆیدا، چ لەدژی ستەم و سەرکوتی حکومەتی ئیسلامی و چ لە دیفاع لە ماڧە سەرەتاییەکانی خەلکی زەحمەتکیش لە ناوخۆی کۆمەلگای کوردستان، گەلیك هەوراز و نشیوی بریوە و دەرس و ئەزمونی بەنرخی تۆمار کردوە.

نەك هەر تیکۆشەریکی ماندویی نەناسی مەیدانی شەر، بەلکوو ریکخەر و پشتیوانی خەباتی خەلکی زەحمەتکیش بوە، بێوچان لەدژی داب و نەریتی کۆن و دواکەوتو لە کۆمەلگای کوردستان راوەستاوە و ئالاهەلگری یەکسانی ژن و پیاو بوە.

حوزوری هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە لە هەر شوینیك، دەیان یادگاری لە رینوینی بۆ ژیانی باشتر و چونیەتی دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەل گیروگرفتەکانی ژیانی رۆژانە بۆ خەلکی زەحمەتکیشی ئەو ناوچانە بەجێ هیشتوە. تۆوی وشیاری سیاسی و چینایەتی چاندوە و ئاسۆی رونی سوسیالیزم و بەرابەری بەرەورووی ئینسانە چەوساوە و زولم لیکراوەکانی ئەو ولاتەدا کردوەتەوە.

لە سالی ١٣٥٨ی هەتاوییەوە ٣١ی جۆزەردان، کە یەکەم سال رۆژی گیانبەخت کردنی هاورێ سەعیدی موعینی یەکەمین پیشمەرگەی کۆمەلە، بۆ ریزگرتن لە خەبات و گیانبازییەکانی ئەم هیزە، وەك رۆژی پیشمەرگەی کۆمەلە راگەیەندرا و بوەتە بۆنەیەك کە تییدا یاد و یادگارەکانی هەموو تیکۆشەرانی ناو ریزەکانی کۆمەلە زیندو دەکریتەوە، دەکریتە بنەمایەك بۆ دەولەمەند کردنی ئاموزشەکانی کۆمەلە و پەروەردە کردنی تیکۆشەرانیك کە تازە دینە ناو ریزەکانی ئەو هیزەوە.

هاورێ سەعیدی موعینی کە ئەورۆ رۆژی گیانبەخت کردنیەتی، کادریکی خاراو بە بیروباوەر و ریبازی کۆمۆنیستی و سیمایەکی ناسراوی مقاومەتی کەم وینە لە شکەنجەگاکانی رژیمی شا بوو. هاورێ سەعیدی موعینی کاك "خانە" پیش روخانی رژیمی شا، بۆ مەئموورییەتیکی تەشکیلاتی کە بریتی بوو لە پەیوەندی گرتن لەگەل کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکیتی نیشتمانی کوردستان، هاتە کوردستانی عیراق و لە ریگای ناوچەی ئالانی کوردستانی ئیرانەوە پەرییەوە کوردستانی عیراق و بە یەکیك لە واحدەکانی هیزی پیشمەرگەی یەکیتی نیشتمانی لە ناوچەی ماوەت پەیوەست بوو. قەرار بوو لە زوترین کات دا بەرەو سەرکردایەتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەلەی رەنجدەران بگوازریتەوە، بەلام بە داخەوە پیش ئەوەی ئەو فورسەتە برەخسێ، لە تیك هەلچونیکی نیوان هیزەکانی پیشمەرگە و بەکریگیراوانی رژیمی بەعسی عیراق دا گیانی بەخت کرد و گلکۆی ئەو ئازیزە ئیستا لە نزیك شاری ماوەت، یادگاریکە لە تیکۆشەریکی کۆمۆنیست کە لە خەباتی شورشگیرانە لە پیناو بەرژەوەندی خەلکی زەحمەتکیش و چەوساوەدا، سنوری نەدەناسی.

کۆمەلە، لە یادی ٣١ی جۆزەردان رۆژی پیشمەرگەی کۆمەلەدا، سەری ریز بۆ خوراگری و دل فراوانی هەموو بنەمالەکانی هاورێیانی گیانبەخت کردوی دادەنەوێنی و بەلین دەدات کە لیبراوانە لەسەر ریبازی شورشگیرانەی ئەو ئازیزانە پی دابگری و بە ریکخستنی خەباتی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش لە هەموو بوارەکان دا و لەوانە خەباتی پیشمەرگانە بۆ بەدیهینانی ئاواتی شیرین و ئینسانی ئەوان، بەوپەری تواناوە تیدەکۆشێ.

**بژی ئازادی و بەرابەری، بژی سوسیالیزم**
**سەرکەوتو بێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەلکی کوردستان**
**بژی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە**

**حەوتوی رابردوو کونگەری ٨ەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بەشداری نوینەرانی ئەندامانی بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزب بەریوە چوو. لەم کونگرەیەدا بارودۆخی ئەیستای جیهان، رۆژهەلاتی ناوەراست و ئیران لە چوارچیوەی گوزاریشی سیاسی کومیتەی ناوەندی حیزب بۆ کونگرە درایە بەر باس و لیکولینەوە و لەسەر بنەمای ئەم لیکولینەوانە ستراتیژی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە هەمووبوارەکاندا دیاری کرا. لەم کونگرەیەدا کۆمەلیك قەرار و بریاری تایبەت بە بوارە جیاجیاکانی چالاکی حیزبی کۆمۆنیست پەسند کراوە و کومیتەی ناوەندی تازەش هەلبژیردراوە. بریار وایە بەم زوانە وردە کاریەکانی پیوەندی دار بە قسە و باس و بریارەکانی کونگرە بۆ ئاگاداری هەمووان بلاو بیتەوە.**

# دلۆپێك لە دەریای گیروگرفتەکانی ناوەندە دەرمانییەکانی شاری سنە

بە سەرنج دان بەوەی کە ریژەی جەماوەری شاری سنە زۆر بە خیرایی رو لە زیاد بوونە، بەلام جەمعیەتی شار و رادەی ناوەندە دەرمانییەکان پیکەوە هاوسەنگ نین و ناوەندە دەرمانیەکان تەنانەت توانای ئەوەیان نیە کە ١لە ٣ نەخۆشەکان وەرگرن. وە خەلك بۆ دەوا و دەرمان تووشی گرفتگەلیکی یەکجار زۆرن وە ئەم گرفتەش رۆژ بە رۆژ پەرە دەستینی. ناوەندە دەرمانیە دەولەتیەکان دراون بە بەشی خسوسی و ئەمەش خۆی لە خۆیدا گرفتەکانی خەلکی ئەوەندەیتر زیاد کردووە. بیمارستانیك کە وەك گەورەترین بیمارستانی ئوستانی کوردستان دیتە ئەژمار و لە مەرکەزی ئوستان دایە بە جیگەی ئەوەی کە گرفتەکانی خەلك چارەسەر بکات، بۆتە شوینیکی بێسەرە و بەرە و بێخاوەن.

شەوانە لەو بیمارستانەدا هیچ دوکتوریکی پسپور نیە تاوەکوو جوابدەرەوەی پیداویستیەکانی خەلك بن. کاتیك کە دەچیتە ناو بیمارستان وا بیر دەکەیتەوە کە چوی بۆ ویرانەیەکی چولکراو، ئەو باجانەی کە وەك زانیاری بۆ رینمایی داندراون، هیچ پرسنێلیکیان لی نیە. شەوانە لەکاتی چوون بۆ بەشی ئورژانس جیا لە چەند نەخۆشی سەرگەردان هیچیتر نابیندرێ. داروخانەی بیمارستان داخراوە. لە یەکیك لە ژورەکاندا پزشکیك بە چاوە خەو لێ نیشتووەکانیەوە بەناو ئامادەی ئەوەیە کە چاوی بە نەخۆشەکان بکەوێ، کە بەر لەوەی کە موعاینەی نەخۆشەکەی بکات داوای ئەو فیشەی لی دەکات کە لە بەشی سندوقداری واریزی کردووە. ئیتر بۆشی هیچ فەرق ناکات کە نەخۆشیکی ئاسایی بیت یان ئورژانسی. موعاینە زۆر بە پەلە ئەنجام دەدری و پزشکەکە کە موتەخەسس نیە چەند دەوا و دەرمانیك دەنوسی و نەخۆشەکە رەوانەی مال دەبیتەوە. تەنانەت بووە دوای ئەوەی کە نەخۆشەکە دەچیتەوە مال ئیشەکەی زیاتر دەبی و هەتا دەیگەیننە بیمارستان گیانی لەدەست دەدا و دواتر مەعلوم دەبی کە ئاپاندیزی بووە و بەهۆی ئەم نەخۆشیەوە گیانی لەدەست داوە. واتا بەهۆی ئەوەی کە زۆر درەنگ دەردەکەی دەدۆزریتەوە دەبیتە قوربانی یاسای چەپەلی بیمارستانی دەولەتی. بنەمالەی ئەم قوربانیە سکالای خۆیان بردۆتە لای زۆریەك لە ناوەندەکانی رژیم بەلام هیچ کامیان ولامیان پێنەداوەتەوە.

دانی پول بەر لە بەستەری کردنی نەخۆش بۆتە یەکیك لە گرفتەکانی خەلك، زۆرجار بووە کە نەخۆشیە ئورژانسیەکانیان کە پیویستیان بە عەمەل بووە بردووە بۆ بیمارستان و پرسنیلی بیمارستان بە بێ لە بەرچاو گرتنی وەزعی قەیرانی نەخۆشەکە بە بێ بەرگەی سندوق نەیانهیشتووە کەس بچی بۆ ئوتاقی عەمەل.

کەم بوونی ئیمکاناتی ناوەوەی بیمارستان وەك تەخت و خاب، سرویسە بیهداشتیەکان و خەدەماتی هەمرای نەخۆش، بە ئەوپەری خۆی گەیشووە. خەلك بە بەشەکانی بیمارستان لەگەل گرفتەگەلیکی زۆر بەرەوروون، پرسنیلی بیمارستان تا نزیکەی ٨٠ لە سەدیان غەیری بومین و لەگەل خەلك بە خراپی مامەلە دەکەن. لە لایەکیترەوە کەم بوونی سێرۆم و دەوا و دەرمان و تەجویزی هەلەی دەواکان بەشیکی چکۆلەن لە دەریای گرفتەکانی خەلك لە بیمارستاندا.

بوونی فەزای حاکم کە ریشەی لە یاسای بێئەساسی رژیم دایە، تەنانەت کاریگەری بووە لەسەر شوینی وەك بیمارستانەکان و هەل و مەرجی ئەم شوینانەش تیك داوە. هەلسووراوترین بەشی بیمارستانەکان بەشی سندوقداری و بانکە جیگیرەکانی نیو بیمارستانن، ئەویش تەنیا بۆ راوورووتی خەلکییە.

بەهۆی دانی زۆریەك لە بەشەکانی بیمارستان بە بەشی خسوسی، پرسنێلی بومی بیمارستان لەلایەن خاوەنانی خسوسی ئەو بەشانەوە لەسەر کار دەرکراون، بە تایبەتی کریکاران و ئەو کەسانەی کە ئەرکی پاك و خاوین کردنەوەی بیمارستانیان لە ئەستۆ بوو. ئەو بەشانە لە بیمارستان و ناوەندە دەرمانیەکانیش کە لەژیر چاوەدیری و ئیختیاری دەولەت و وەزارەتی بیهداشت دان، بەهۆی دزی بەرپرسان لە بودجە و بەهۆی بێ ئیمکاناتی و بێسەرەو بەرەیی وایان لی هاتووە کە خەلك ناوێرن نەخۆشەکانیان بۆ ئەم شوینانە بەرن. زۆرجار بیندراوە کە نەخۆشیك بۆ موداوا و بەستەری چۆتە بیمارستانیك، بەلام پاش گەرانەوەی بەهۆی چەپەلی بیمارستان تووشی چەند نەخۆشی عفونی بووە.

## پاشماوەی وتوویژ لەگەل رۆژنامەی ئاسۆ

وتوویژی هاورێ ئیبراهیمی عەلیزادە سکرتێری یەکەمی کۆمەڵە لەگەل رۆژنامەی ئاسۆ کە دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن دەری دەکات

پرسیار: کاریگەری هیرشی ئامریکا و هیزی هاوپەیمانان بۆسەر عیراق، روخانی رژیمی بەعس، وە ئیمزا کردنی دەستووری کاتی عیراق، وە مەسەلەی فیدرالیزمی کوردستانی باشور، لەسەر بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەلات دا چۆن هەلدەسەنگینن؟

وەلام: بێگومان روداوەکانی کوردستانی عیراق بە هەر باریکدا بن کار دەکەنە سەر کەش و هەوای سیاسی لە کوردستانی ئیرانیش. هەر لە جەنگی جیهانی دووهەمەوە هەتا ئیستا ئیمە بەردەوام شوینەواری کاریگەریەکی دوو لایەنە لە کوردستانی ئیران و عیراق لەسەر یەکتر دەبینین. لە کاتی ئاوارەیی و دەربەدەری‌دا هانا بۆ یەکتر دەبەن، لە کاتی نسکۆ و پاشەکشەدا ئەم یان ئەو پارچەیان دەبیتە شوینی حاوانەوە و خۆگرتنەوە و خۆسازدانەوەی هیزە سیاسی‌یەکانی. لە سەرکەوتن و پیشرەوی‌یەکان، لە شکست و پاشەکشەکانی یەکتر دەرس وەردەگرن، رەوتە سیاسی‌یەکانیان کاریگەری‌یان هەیە لەسەر یەکتر، کە بۆ نمونە دەتوانین دەوری حەرەکەتی چەپ و رادیکال و سوسیالیستی هەر دوولا لەسەر یەکتر لە دو دەیەی رابردودا ببینین.

بەلام بە هەمووی ئەوانەشەوە تا ئەو جیگایەی کە هەلدەگەریتەوە بۆ چارەنوسی سیاسی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلی کورد، ئەوە کوردستانی لای ئیمە، بە دەرەجەی ئەساسی و یەکەم لەژیر کاریگەری رووداوە سیاسی‌یەکانی تاران و بە گشتی ئیران دا بووە و شوینەواری ئەم کاریگەری‌یە لە هەموو میژووی کوردستانی ئیران دا بە روونی دیارە. رووداوەکانی دوای جەنگی جیهانی دووهەم، دامەزرانی کۆماری مهاباد، بزووتنەوەی جوتیاران لە سالەکانی دوای جەنگ، دەورەی نویی بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان دوای روخانی رژیمی شا، رەوتی ئیسلاحات لە ناوخۆی رژیم و هی‌تر، نموونەی گەلیك بەرچاوی ئەو کاریگەریە بە دەستەوە دەدەن.

دوای ئەو سەرەتایە لە وەلامی پرسیارەکەی ئیوەدا ئەوەندەی کە بە هیرشی نیزامی ئامریکا و هاوپەیمانانی بۆسەر عیراق و ئاکامەکانی هەلدەگەریتەوە دەبی بلیم کە زۆربەی خەلکی کوردستانی ئیران ئەو راستی‌یەیان لی حالی بووە کە لە خەباتی سیاسی بۆ ئازادی و بۆ بەدەست هینانی ماف دیاری کردنی چارەی خۆ نوسین دا ئەوەی کە بە هیزی خەباتی راستەوخۆی خۆیان بەدەستی نەهینن، بەدەست نایەت.

پرسیار: مەسەلەی چەکە کۆکوژەکان و ماف مرۆڤ (بە هەموو جۆرەکانی خۆیەوە) لە ئیرانی ژیر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی‌دا چۆن لیك دەدەنەوە؟

وەلام: لەم پەیوەندی‌یەدا چەند راستی‌یەك هەیە:

یەکەم، بەرنامەکانی ئەتومی کۆماری ئیسلامی بە پیچەوانەی ئەوەی وا ئیدعا دەکات بۆ پرۆژەی ئاوەدان کردنەوە و لە پیناوی مەبەستی ئاشتی خوازانەدا بە کار نایەت. کۆماری ئیسلامی بە شوین وەدەست هینانی چەکی ئەتومیەوە بوە و ئیستاش و بەو هەمووە زەختەشەوە کە بە سەریەوەیەتی وازی لەوە نەهیناوە کە ئەگەر رۆژیك لە رۆژان ریگا دەستی هەبی دەبی بە خاوەنی ئەوجۆرە چەکەش.

دووهەم، هەبوونی چەکی ئەتومی بەدەست کۆماری ئیسلامی‌یەوە بۆ ئەمنیەت و ئاسایشی خەلکی ئیران و ناوچەکە بەگشتی مەترسی دارە و هیزەکانی شورشگیر و رادیکال دەبی دژ بەم پرۆژەیە بن و پروپاگەندەی ناسیونالیستەکانی مەزن خوازی ئیران لەناو رژیم و لەناو بەرەی ئۆپوزیسیون دا پوچەل کەنەوە. و ئیمە هیوادارین و هەول دەدەین لە ریگای خەباتی ئازادیخوازانە و شورشگیرانەوە ئەو فورسەتەی پی نەدەین.

سیهەم، مەسەلەی لیکۆلینەوە لە پرۆژەی ئەتومی ئیران و حەساسیەتیك کە دەولەتانی ئوروپایی و ئامریکا بەرانبەر بەو مەسەلەیە نیشانی دەدەن روکەشی کیشەیەکی ژیربەژیری دیکەیە کە لە ئارادایە، ئەویش بریتی‌یە لە ململانێی نیوان ئوروپا و ئامریکا و روسیە وەکو سێ ناوەندی گەورەی دەسەلاتی ئەورووی دنیا لەسەر داهاتوی سیاسی ئیران. کۆماری ئیسلامی بە مانۆردان لە مابەینی بەرژەوەندی‌یە جیاجیاکانی ئەم لایەنانەدا، هەول دەدات مانەوەی خۆی لەسەر دەسەلات زەمانەت بکات. لە راستی‌دا کایە کردن بە کیشەی چەکی ئەتومی بۆ کۆماری ئیسلامی ستراتژێکە لە پیناوی مانەوەدا، بەو مانایە کە ئەگەر بە دەستی هینا ئەوە نەفسی هەبونی سیلاحەکە دەکاتە ئامرازیك بۆ ئیمتیاز وەرگرتن و سات و سەودا کردن و ئەگەر بەدەستیشی نەهینا ئەوە هەول دان بۆ بەدەست هینانی دەکات بە وەسیلەیەك بۆ مانوردان.

سەبارەت بە ماف مرۆڤ، نەمزانی کە پەیوەندی ئەو مەسەلەیە بە چەکی کۆکوژەوە چی‌یە؟ کۆماری ئیسلامی بە چەکی کۆکوژ و بێ چەکی کۆکوژیش، بێبەزییانە سەرەتایی‌ترین مافەکانی مرۆڤی پیشیل کردوە و پیشیلی دەکات و بۆ دەولەتانی رۆژئاواش کە جاروبار باسی لیوە دەکەن تەنیا ئامرازیکی زەختە بۆ ئەوەی ئەو رژیمە ناچار بکەن کە خۆی لەگەل بەرژەوەندی‌یەکانی ئەوان بگونجینی. لەم سالانەدا دیتومانە چلون ئامادەن کە لە پیناوی بەرژەوەندی ئابووری تەنانەت کورت ماوەش دا ئەو مەسەلەیە بە تەواوی بخەنە پشت گوێ.

ئەزمونی روخانی رژیمی شا ئەو راستی‌یەی لە کۆمەلگای ئیران و لە کوردستانیش دا جێخست کە خەبات بۆ روخاندنی رژیمیك دەبی لە هەمان کاتدا خەبات بۆ شکل پێدان بە بەدیلەکەشی بیت و جەماوەر لە رەوتی خەبات بۆ روخاندنی رژیمیك دایە کە خۆیان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتیش ئامادە دەکەن. ئەمە گەلیك جار تەفاوەتی هەیە لەگەل ئەوەی کە حیزبیکی سیاسی دیاری کراو لە دەسەلات نزیك دەبیتەوە. حیزبیکی سیاسی دەتوانی لە گەلیك فورسەت کە بۆی هەلدەکەویت کەلك وەربگرێ، بۆ نمونە دەتوانی لە ریگای کودەتاوە بە دەسەلات بگات، دەتوانیت بە یارمەتی هیزیکی دەرەوە ئەو جیگا و شوینە بەدەست بینی، بەلام جەماوەریك کە خوازیاری ئال و گۆری ئەساسی لە ژیانی‌دا بێ، ریگایەکی دیکەی نیە بیجگە لەوەی کە لە خەباتیکی سەنگەر بە سەنگەردا هەم روخینەر بێ و هەم بیناکەر. حیزبی شورشگیری پشت بەستوو بە جەماوەر دەتوانی لە پیشەوەی ئەو خەباتەدا بێ.

ئەوەی کە باسم کرد بە بروای من گرینگترین کاریگەری هەل و مەرجی ئیستای عیراق لەسەر بیر و رای گشتی لە ئیران و لەسەر خەلکی کوردستانی بەشی ئیرانیش دەبی و لە مەدایەکی ستراتژیك دا دەتوانی بۆ بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەلات ئەزمونیکی چارەنوس ساز بیت.

ئەوە کاریگەری رووداوەکانی عیراقە لەسەر بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلی کورد، بەلام لە ئاستیکی تردا بێگومان رووخاندنی رژیمی سەدام بە دەستی ئامریکا، پەیامیکی دیاری کراوە بۆ هەموو ئەو دەولەتانەی کە لە بەرانبەر بەرژەوەندی ئامریکادا سەرەرۆیی دەکەن وە هەتاکو ئیستاش و بەو هەموو گیر و گرفتەشەوە کە بۆ ئامریکا لە عیراق دوای سەرکەوتنی بەسەر رژیمی سەدام دا، هاتوەتە پیش، ئەم پەیامە لەلایەن دەسەلاتدارانی ناوچەکە وەرگیراوە و بەرهەمی خۆی بۆ بەرژەوەندی‌یەکانی ئامریکا بوە و لەوانە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئیران بەرانبەر بە دەولەتی ئامریکادا رەنگ دەداتەوە. بەلام ئەم رەنگ دانەوەیە نەك هەر پەیوەندی بە ماف گەلی کوردەوە نیە بەلکو لەوانەیە لەسەر حیسابی دیموکراسی و بزووتنەوەی شورشگیرانەی خەلکی کوردستانیش بیت.

خەلکی کورد لە کوردستانی ئیران لە روی ئەزمونی کوردستانی عیراقیش زۆر زوو ئەو راستیەیان بۆ روونتر دەبیتەوە کە ناوچەیەکی فیدرال لەژیر دەسەلاتی دەولەتیکی شوونیست و سەرکوتگەردا و لە کاتیك دا کە ئامرازەکانی چارەنوس سازی وەکوو ئەرتەش و دەزگاکانی ئەمینەتی، پارە و بەرنامە دارشتنی دریژماوە، سیاسەتی دەرەوەشی لەژیر دەست دا بێ هەرگیز بە مانای چارەسەر بونی مەسەلەی نەتەوایەتی نیە. خەلکی کورد لە کوردستانی ئیران ئاواتیان ئەوەیە کە هاوچارەنوسانیان لیرە لە کوردستانی عیراق بە ئازادی و بە سەربەستی بژین بەلام واقعیەت ئەوەیە کە لە ناخی دلیانەوە لەو نیگەرانیەدا کە ئەمرۆکە لەناو کوردستانی عیراقیش بەرانبەر بە رەوتی رووداوەکان هەیە بەشدارن.

پرسیار: بە شیوەیەکی گشتی پیگەی ئیستای کۆماری ئیسلامی لە ئاستی جیهانی و نیوخۆیی‌دا چۆن دەبینن و رەوشی گشتی سیاسی ئیران چۆن هەلدەسەنگینن؟

وەلام: دیپلوماسی رژیمی ئیسلامی لە پەیوند لەگەل دەولەتەکانی گەورەی جیهان وەکو ئامریکا و ئوروپا و روسیە لەسەر دوو بناغە دامەزراوە: سازان و ئیمتیازدان لە ناوەرۆك دا و سەرسەختی و سەرەرۆیی لە روالەت دا. هەر بەو پێیە ئەم دەولەتانەش کە جەوهەری ئەو سیاسەتەیان لی حالی بووە، دەزانن کە چۆن هەلس و کەوتی لەگەل بکەن. ئامرازی جۆراوجۆری زەخت بەکار دینن بۆ ئەوەی لانی‌کەم لەو هاوسەنگی‌یەی ئیستای‌دا بمینیتەوە و لە کونترول دەرنەچی و لە هەمان کاتدا کۆمەلگای ئیرانیش تووشی هەل و مەرجیکی شورشگیرانە کە ئاکامەکانی بۆ ئەوان نادیارە، نەبێ. دەولەتانی گەورەی پیشەسازی دنیا لەگەل ئەوەش دا کە بەرژەوەندی جیاوازیان لە ئیران هەیە، هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبی هەول بدەن ئەو رژیمە بەشینەیی خۆی لەگەل پیویستیەکانی بازاری ئازادی سەرمایەداری بگونجینی و لە ئاست بەرژەوەندیە ئەساسی و گشتی‌یەکانیان سەرەرۆیی نەکات و هەلویستی چاوەروان نەکراو نەگرێ.

لەمەر سیاسەتی ئامریکا لە ئیران پیویستە ئەوەی پێ زیاد کەم گەلیك نیشانە هەیە کە ئەو راستی‌یەمان پێ دەلین وا دەولەتی ئامریکا لە هەولی ئەوە دایە کە رەوتیکی ئیسلامی میانەرەو کە جیگای متمانەی خەلکی موسلمانیش بێ وەکوو هاوکار و هاوپەیمانی خۆی لە رۆژهەلاتی ناوەراست لە عیراق و لە ئیرانیش بدۆزیتەوە، وە هەر بۆیە کۆماری ئیسلامیش بەوە رازی‌یە ئەگەر ئەو رژیمە بتوانی لەژیر ئالای ئیسلامیکی میانەرەودا کۆمەلگای ئیران کونترول بکات. بەلام پیگەی کۆماری ئیسلامی لای کۆمەلانی خەلك لە دنیادا بە جۆریکی‌تر هەلدەسەنگیندرێ: رژیمی ئیسلامی بۆ خەلکی موسلمان لە دنیا نەیتوانی نمونەیەکی دلخواز و سەرکەوتوو پیشکەش بکات. هەر بۆیە بەرەبەرە نفوزی خۆی تەنانەت لەناو موسلمانانی شیعەش دا لەدەست داوە. ئیسلامی توندرەویش بە تەواوی لەژیر کاریگەری کۆماری ئیسلامی لە ئیران هاتوەتە دەرێ.

ئەو رژیمە لە لای باقی خەلکی دنیاش بە رژیمی پیشیل کاری مافە سەرەتایی‌یەکانی مرۆڤ، سەنگەسار و ئەشکەنجە و ئیعدام دەناسریتەوە و نەفرەتی لی دەکری.

ئەمرۆکە پیگەی کۆمەلایەتی کۆماری ئیسلامی لە ئیران گەلیك لاوازە و بازنەی لایەنگرانی ئەو رژیمە رۆژ لەگەل رۆژ بەرتەسك تر دەبیتەوە. هاوسەنگی هیز بە قازانجی بەرەی خەباتی جەماوەری کریکاران، ژنان و لاوان و خەلکی بێبەش، گۆراوە. ئەگەر ئەمرۆ هیندیك نیشانەی سەرەتایی لە کرانەوەی کەش و هەوای سیاسی ئیران دا دەبینین ئەوە نەك بەرهەمی پرۆژەی ئیسلاحی رژیم بەلکو ئاکامی بەکردەوەی خەباتی راستەوخۆی جەماوەر و گۆرانی ئەو هاوسەنگیەیە کە باس کرا. پیش بینی ئەوەی کە کەی کۆتایی بە دەسەلاتی ئەو رژیمە لە ئیران دیت ئاسان نیە بەلام ئەو راستیە حاشا هەلنگرە کە حکومەت کردن بەسەر میلیونەها جەماوەری نارازی گەلیك دژوارتر بوەتەوە.

پرسیار: کاردانەوەی کاریگەری هەلبژاردنەکانی ئەخیر (ئەنجومەنی شار و پارلەمان) و نزم بوونی ریژەی بەشداری کردنی جەماوەر تییان دا بەگشتی لە ئیران و کوردستان دا چون لیك دەدەنەوە؟

وەلام: لە ولاتیك دا کە دیموکراسی نیە، لە ولاتیك دا کە حیزب و ریکخراوەی نەیاری رژیم و تەنانەت ئەوانەی وا لە چوارچیوەی یاسای رژیمیش دا کار دەکەن ریگای چالاکی‌یان پێ نادری، وەلامی هەر نارەزایەتی‌یەك بە زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام دەدریتەوە، لە وەها ولاتیك دا سندوقی دەنگ دان خۆی لە خۆی‌دا ناتوانی هیچ پیوانەیەك مان بۆ هەلسەنگاندنی رەوشی سیاسی ئەو ولاتە پێ بدات. مەرجی سەرەکی بۆ ئەوەی هەلبژاردن ببی بە مەحەکی هەلسەنگاندن، ئازادی‌یە وە لە ئیران ئەوەی کە نیە ئازادی‌یە. کە وایە ئاکامەکانی نە ئەو هەلبژاردنانەی کە ئیوە ئاماژەتان بۆ کردن و نە ئەوانی‌تر هیچ کامیان لە بابەت هەل ومەرجی سیاسی ئیرانەوە شتیکی زۆرمان پێ نالین.

بەلام لە سالانی رابردوودا روداویکی تایبەتی لەم بابەتەوە هاتە گۆری، ئەویش هەلبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی بوو. لەو کاتەدا هەل و مەرجیکی وا رەخسا کە جەماوەر توانی‌یان لە کیشەکانی ناوخۆی رژیم دا بە شیوەیەکی بەربلاو دەخالەت بکەن و بە قازانجی بالی ریفورم خوازی رژیم دەنگ بدەن وە ئەوکات ئەوە وەکوو دژایەتی‌یەکی جەماوەر لەگەل بالی ویلایەتی فەقیە حیسابی بۆ کرا. لە هەلبژاردنەکانی دواییدا ئەم رووداوە ئیتر دووپات نەبوەوە. رەوتی ئیسلاحات لە ئیران کە بالی ریفورم خوازی ناو رژیم بەریوەبەری بوو بریتی بوو لە رەوتی ساریژ کردنەوەی برینەکانی ئابووری زەربە خواردوی ئیران. رەوتی خۆگونجاندن لەگەل سیستمی بازاری ئازادی جیهانی. ئەوە هەر ئەو رەوتە بوو کە دوای کۆتایی هاتنی شەری ئیران و عیراق رەفسەنجانی هەولی دا ریبەرایەتی بکات. رەفسەنجانی بۆ بەریوە بردنی نەخشەکانی خۆی ئەوکات راستەوخۆ لە ئابووری‌یەوە دەستی پێ کرد وە ٨ سالی پێ چوو تا روون بیتەوە کە کیشەکانی ئەم نیزامە لەم ریگایەوە چارەسەر ناکریت. ئەوجار ریفورم خوازانیکی‌تر لە ناوخۆی رژیمەوە سەریان هەلدا کە خاتەمی سەرۆکیان بوو، ئەمان بە لە بەرچاو گرتنی ئەزموونی شکستی پرۆژەی رەفسەنجانی بۆ بەریوە بردنی لە ناوەرۆك دا هەمان پرۆژە، لە سیاسەت و لە ریکخستنی بەناو کۆمەلگای مەدەنی‌یەوە دەستیان پێ کرد تا لە هەنگاوی دوایی‌دا بەرەو ئابووری برون. بە بروای من ئەو پرۆژەیە هەروا بەردەوامە و ئەگەرچی جێ گۆرکێیەك لە مورەکانی بەریوەبەری دا پیك هاتوە و پیك دیت بەلام ئاکامەکانی هەلبژاردنی دەوری حەوتەمی پارلەمان هیچ گورانکاری‌یەکی جەوهەری لەم بابەتەوە پیك نەهیناوە. دەرهاویشتنی ژمارەیەك بەناو نوینەر لە پارلەمانیکی بێکەلکی بێدەسەلات دا ناتوانی بەری ئەم رەوتە کە سەرچاوەکەی لە پیویستی‌یەکانی بنەرەتی سەرمایەداری ئیران دایە، بگری.

با هەر لیرەدا ئەوەش بلیم کە لە روانگەی ئیمەوە بەرەوپیش چوونی رەوتی ئیسلاحات لە ناوخۆی رژیمی ئیسلامی‌دا بە مانای دیموکراتیزە بوونی کۆمەلگای ئیران نیە. ئەوە ئولگویەکە کە لە زۆریەك لە ولاتانی ئاسیا و ئافریقا و ئامریکای لاتین بەریوە چووە و دەزانین کە دیموکراسیشی بە مانای واقیعی وشە بە شوینەوە نەبووە.

پرسیار: ئە راپەرین و خۆپیشاندانە جەماوەری‌یانەی ئەخیری خەلکی کورد لە شارەکانی کوردستانی رۆژهەلات دا چۆن پیناسە دەکەن؟

وەلام: پشتیوانی خەلکی کورد لە کوردستانی ئیران لە خەباتی خەلکی کوردستانی عیراق رەوتیکی بەردەوامە و سەرهەلدانیشی لە وینەی ئەوەی کە لە ماوەی ئەخیردا دیتمان روداویکی چاوەروان کراوە و ئیمە بەش بە حالی خۆمان بەردەوام تەبلیغمان بۆ کردووە و هەولمان داوە کە کاریگەری بەکردەوەی هەبی لەسەر گۆرینی هاوسەنگی

⬅

هێز لە خەباتی رزگاری خوازانەدا بە قازانجی خەلکی کوردستانی عیراق.

پشتیوانی لە خەباتی خەلکی کوردستانی عیراق و ئەو خۆپیشاندانانەی کە بەم بۆنەوە کەوتنە رێ، لە هەمان کاتدا فورسەتیك بوو بۆ دەربرینی ئەو هاوارەی کە سالهایە لە گەروی ئەو خەلکەدا پەنگی خواردوەتەوە. لە ماوەی چەند سالی رابردوودا گەلیك نموونەی وامان دیتووە کە خەلك هەموو فورسەتیك بۆ دەربرینی نارەزایەتی و نەفرەتی خۆیان لە رژیمی ئیسلامی بەکار دینن. ناوەرۆکی واقیعی خۆپیشاندانەکانی ئەخیر کە ئاماژەی پێکرا بریتی نەبوو لە جەژن بەرپا کردن بە بۆنەی ئیمزای قانونیك لە مەجلیسی حوکم دا، ئەگەرچی نمونەی واشی تیدا بوو، بەلکوو ئەمە نمایشی هاوپشتییەکی خەباتکارانە بوو کە بێگومان سەرمایەیەکی گەورەیە بۆ داهاتوی خەباتی ئازادی خوازانە لە هەموو ناوچەکەدا.

پرسیار: لیکدانەوە و هەلویستی ئیوە سەبارەت بە مەسەلەی بەرەی کوردستانی چۆنە؟

وەلام: گومان لەوەدا نیە کە بە هەر رادەیەك خەلکی کوردستان لە بەرانبەر دەولەتی مەرکەزیدا، لە خەباتیان بۆ بەدەست هینانی ماف دیاری کردنی چارەنووس، یەك دەست تر و یەك پارچەتر ریز ببەستن رەنج و خەسارەتی خەباتەکەیان کەمتر دەبی و ریگای خیراتر و کەم دەردی سەرتر بەرەو سەرکەوتن دەپێون. هەر بۆیە ئیمە پیمان وایە کە هیزە سیاسی و جەماوەرییەکانی هەلسووراو لە کۆمەلگای کوردستان بە جیاوازی بەرنامەی سیاسی و پیگەی چینایەتیشەوە ئەوەندەی کە بۆ ئەو مەسەلەیە هەلدەگەریتەوە دەتوانن و پیویستە لەنیوان خۆیان دا هاوکاری و هاوئاهەنگی و تەنانەت ئەگەر هەل و مەرج لەبار بێ و مەرجەکانی دابین بن، بەرەیەکی کوردستانیش پیك بینن.

بەلام لە مەسەلەی پیکهینانی بەرەدا ئەوەی کە گەلیك گرینگ و چارەنووس سازە بریتییە لە نزیك بوونی ستراتیژی ئەو هیزانەی وا قەرارە لە بەرەیەك دا کۆ ببنەوە. مەبەستم لە ستراتیژ ئەو ریگایەیە کە هیزەکان لەم پیناوەدا دەیپیون. بۆ نمونە ناکرێ هیزیك لای وابێ کە خەباتی چەکداری روکنیکی ئەساسییە بۆ سەرکەوتن وە هیزیکیتر هەرچەشنە دەست بردنیك بۆ چەك رەد کاتەوە و ئەم دوو هیزە لەناو بەرەیەك دا بن. یان وەکوو نمونەیەکیتر ناکری هیزیك لای وابی دەتوانی و دەبی لە پەنای حەرەکەتی تانکەکانی ئامریکادا بگەریتەوە بۆ ولات و بە پشتیوانی و پشتگیری ئەوان ماف دیاری کردنی چارەنووس بەدەست بین، لەگەل هیزیکیتر کە لای وابی پەلاماری نیزامی ئامریکا بۆسەر ئیران نەك هەر رزگاری گەلی کوردی تیدا دابین نابی بەلکو سەرەتای شکست و نسکۆی گەورەترە، ئەمانە لەگەل یەك لە بەرەیەك دا بن.

هەر بۆیە بە لای ئیمەوە گیروگرفتی گرینگ لەسەر ریگای پیکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی ئەوە نیە کە لایەنیك بۆ نمونە خودموختاری دەوێ لایەنیکی دیکە فیدرالی یان ماف دیاری کردنی چارەنووس و جیابوونەوە، بەلکو مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە لە چ ریگایەکەوە و بە بەکار هینانی چ ئامرازگەلیك دەتوانن بەرەو ئەو ئامانجە برون کە هەموویان لە چوارچیوەی چارەسەر کردن یا هیور کردنەوەی ستەمی نەتەوایەتیدا دەگونجین.

بە وەها بوچونیکەوە بەلای ئیمەوە باسی بەرەی کوردستانی لە مابەینی هیزە سیاسییەکانی کوردستان دا دەبی بە کراوەیی وە لە راگەیەنە گشتییەکان دا بکری و بچیتە سوراغی ئەو مەسەلەیە و وەلامی پی بداتەوە.

هەلبەت ئیمە پیشتر وتوومانە کە بۆ ئەوەی بتوانین لەگەل هیزە سیاسییەکانیتری هەلسووراو لە کوردستان بۆ باس کردن لەسەر ئەو مەسەلەیە دانیشتنی دوو لایەنە و چەند لایەنە بکەین پیویستە دلنیا بین لەوەی کە چەند مەرجیکی بنەرەتیش لە هەموو لایەکەوە سەلمیندراوە. لەوانە سەلماندنی ئازادی بێقەید و شەرتی سیاسی لە کوردستان، بەلینی دان بۆ بەریوە بردنی بەکردەوە، مەحکوم کردنی هەرجۆرە تیك هەلچونیکی چەکدارانە و پیکهینانی هەل و مەرج و میکانیزمیك کە جەماوەری خەلك لە مەترسی وەها روداوگەلیك رزگار بکات. یان بەلینی دان بۆ ئەوەی کە هیچ لایەنیك دەست بە وتوویژی جیاواز لەگەل حکومەتی مەرکەزیدا نەکات.

پرسیار: مەسەلەی بزووتنەوەی رووناکبیری و خویندکاری لە کوردستانی رۆژهەلات چۆن دەبینن و لیکی دەدەنەوە؟

وەلام: لە چەند سالی رابردوودا حەرەکەتیکی پیشکەوتن خوازانەی هیوابەخش لەم بابەتەوە لە کوردستانی ئیران دەستی پێ کردووە.

ئەگەرچی مەودا و مەجالی کار کردنی بە ئاشکرای ئەم رەوتە لە چاو باقی شوینەکانیتری ئیران و بە تایبەتی لە چاو مەرکەزی ئیران، گەلیك بەرتەسکترە، بەلام ئاسویەکی روونی هەیە و ریگایەکی باشی گرتووەتە بەر، ئەم حەرەکەتە رووناکبیری و هونەرییە هەم دیاردەی دەسکرد و نارەسەن و دواکەوتوی تێدایە و هەم لایەنی بەهیزی پیشرەو و پیشکەوتن خواز.

ئەمەی دووهەمیان هەول دەدات کە خۆی لە چوارچیوەی بەرتەسکی کوردستان دا قەتیس نەکات و زمانیکی نەك هەر ئیرانی بەلکو نیونەتەوەیی بۆ بەیانی هەست و نەستی خۆی بەکار بینێ. لەم سالانەی دواییدا دیتوومانە کە ئەو هونەرمەندانەی وا ئەم رەوتەیان گرتووەتە بەر لە گەلیك لە بوارەکاندا ریگای خۆیان بەرەو ناوەندەکان و فستیوالەکان و پیشانگاکانی جیهانی کردووەتەوەو توانیویانە بە زمانیکی پاراوی هونەری، کۆمەلگای کوردستان بە تایبەتمەندییەکانیەوە بە دنیای دەرەوەی خۆمان بناسینن و لەسەر بیروڕای گشتی لە ناوەوەی کوردستانیش کاریگەری باشیان هەبێ. ئیمە بە تەواوی پشتیوانی لە وەها حەرەکەتیك دەکەین وە بەرەو پیش چوونی بە یارمەتی دەر و رێ خوش کەری باقی مەیدانەکانی خەباتی سیاسی و جەماوەری پیشکەوتن خوازانەی کۆمەلگای کوردستان دەزانین.

پرسیار: ئایا ئیوە خوازیاری سناریویەکی وەك ئەوەی لە عیراق، لە ئیرانیش دا هەن؟ ئایا تا چەند لە حیزبەکەی خۆتان و هیزە سیاسییەکانی کوردستان و ئیران رادەبینن کە بچنە ناو هاوپەیمانیەتییەکی لەو چەشنەی کە لە عیراق دا رویدا و لەگەل ئامریکا هاوپەیمان بن؟

وەلام: ئیمە روودانی وەها سیناریویەك بۆ داهاتوی کۆمەلگای ئیران بە زیانبار دەزانین و خوازیاری نین.

ئیمە دەمانهەوێ خەبات بۆ روخاندنی رژیمی ئیسلامی و هینانە کایەی حکومەتیك کە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش دامەزرابێ، بە رەوتی ئاسایی خۆی دا بروات و بەم شیوەیە لە بار نەچێ. بەلام هەر لیرەدا ئاماژە بە دوو خالی گرینگ بە پیویست دەزانم:

یەکەم، لیکدانەوەی واقیع بینانەی سەیری روداوەکان و هەل و مەرجی سیاسی ئەوەمان پێ دەلی کە وەها سیناریویەك بۆ ئیران هەر لە سەرەتاوە لە کایەدا نەبوە و ئیستاش نیە و ئەو هیزانەی کوردستانی ئیران و ئەو بەشە لە ئوپوزیسیونی ئیران کە لایان وابو بە دوای عیراق دا نۆبەی ئیرانە و نیگەرانی ئەوە بوون مەبادا سوریە نۆبە بریبیان لی بکات! لە رووی لیکدانەوەیەکی رووکەشیانە، بە هەلەدا چون.

دووهەم، کۆمەلە وەکوو ریکخراویك کە بە هیزی جەماوەر پشت ئەستوورە و پیگەیەکی حاشا هەلنەگری لە خەباتی شورشگیرانەی کۆمەلگای کوردستان دا بە دەست هیناوە، ئەزمونی سیاسیەکەی ئەوەندە دەولەمەند هەیە کە لە کاتی هاتنە کایەی رووداوی چاوەروان نەکراویش دا بزانی دەبی چۆن بە قازانجی ژیان و خەباتی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش دوورە پەریز نەبێ و چوناوچۆن مامەڵە لەگەل هەل و مەرجی سیاسی کونکریت دا بکات.

# راگەیاندنی کەمپەینی ئازادی کریکاران

با لەدژی موحاکمەی کریکارانی دەستگیر کراو لە خۆپیشاندانی یەکی مەیدا هەستین.

کریکاران و هەلسووراوانی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کریکار!

دو مانگ لەمەوبەر بوو کە رژیمی کۆماری ئیسلامی ژمارەیەك لە هەلسوراوانی ناسراوی بزووتنەوەی کریکاری ئیران و کوردستانی بە تاوانی بەریوە بردنی رێ ورەسمی یەکی مەی لە شاری سەقزدا دەستگیر کرد و ١٠ رۆژی تەواو ئەشکەنجە و ئازاری دان. هیرشی دژی کریکاری رژیمی کۆماری ئیسلامی لەو رۆژەدا، لەگەل شەپولیکی بەهیز لە رق و قین و نارەزایەتی گشتی کریکاران و هەلسوراوانی بزووتنەوەی کریکاری ناوەوە و دەرەوەی ولات بەرەروو بوو، بە شیوەیەکی کە ئەم رژیمە هار و سەرکوتگەرە مەجبور بوو کە کریکاران ئازاد بکات. رژیم کریکارانی زیندانی، بە وەرگرتنی وەسیقەی ٢٠٠ میلیون تمەنی رزگار کرد هەتا دواتر تەعقیب و ئازار و زیندانی کردن و تەنانەت سەربەنیست کردنی کریکارانیش سەر لەنوێ دەست پێبکاتەوە. ژمارەیەك لە ئازاد کراوەکان لەلایەن موحاکمە ئیسلامییەکانەوە بۆ بیدادگاکانی ترس و وەحشەتی دەولەتی بورژوازی بانگ کراون. هیچ شك لەوەدا نیە کە رژیم ئەو کارە لەدژی باقی ئازاد کراوەکانیش ئەنجام دەدات. کاتی ئەوە هاتوە کە بە شیوەیەکی هەرچی بەربلاوتر و یەکگرتووتر بۆ دابین کردن و تەزمین کردنی ئازادی بێئەملاو ئەولای ئەم هەلسوراوانەی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری جەماوەری کریکار هەنگاو بنیین. چینی کریکاری ئیران دەستگیر کراوەکانی هەوەلی مانگی مەی شاری سەقز دەناسیت. مانیفیستی رێپیوانی ئەو رۆژەی کریکاران و هەولی وشیارانەی بەریوەبەرانی رێ و رەسمی یەکی مەی بۆ داسەپاندنی ئیرادەی ئازادی کریکاری بەسەر دیکتاتوری و نیزامی کویلەتی کرێ گرتە هەمیشە لە یادەکانماندا دەمیننەوە. بیرەوەری هاوپشتی کریکارانی سەقز و کریکارانی شوینەکانیتر لەگەل دەستگیر کراوەکانی خۆپیشاندانەکە و پەیامی ئازادی ئەوان هیچ کات فەرامۆش ناکریت.

راوەستاوی پر شور و شەوقی کریکارانی کوردستان لە هەلبژاردنی ئەو دواییانەی نوینەری نانەواخانەکان لە بەرامبەر رژیم دا و هەلبژاردنی "محەممەدی عەبدی پور" کە یەکیك بوو لە دەستگیر کراوەکانی ئەوەلی مانگی مەی، وە داسەپاندنی ئەم هەلبژاردنە وشیارانەیە بەسەر رژیمی سەرمایەدا، نیشانەیەکیتری پەیوەندی قورس و قایمی نیوان جەماوەری کریکار و هەلسووراوی بزووتنەوەی ئەم چینەیە. ئیستا کاتی ئەوە هاتووە کە هەرکام لە ئیمە بۆ دیفاع لە ئازادی و گیانی هەلسوراوانی بزووتنەوەی چینایەتی خۆمان ریگا چارەیەك بدۆزینەوە. ئیعترازی بەربلاو و سەراسەری لەدژی ئیحزار و موحاکمەی کریکاران، رویشتنی بە کۆمەل بۆ ناوەندە کریکارییەکان، وت و ویژ لەگەل کریکارانی ولاتانیتری جیهان و بانگهیشتی ئەوان بۆ بەشداری کردن لە بزووتنەوەی ئازادی هەلسوراوانی کریکاری لە ئیران دا، چوون بۆ ریکخراوە و حیزب و کۆمەلە کریکارییە نیونەتەوەییەکان بە مەبەستی بانگهیشتی ئەوان بۆ بەشداری لە کەمپەینی سەراسەری ئیعتراز بە رژیمی سەرمایە، چون بۆ لای ئەو وەکیل و ماف ناسانەی کە لەدژی ئینسان ستیزی رژیمە سەرمایەدارییەکانن و دەعوەت کردن لەوان بۆ بەشداری لە کەمپەینی ئازادی کریکاران، وە هەروەها ریکخستنی رێپیوان و خۆپیشاندان لەدژی موحاکمەی کریکاران لە بیدادگاکانی دەولەتی ئیسلامی و گەلیك کاریتری لەم چەشنە دەبی لە دەستوری کاری ئیمەدا قەرار بگرن. هەلوەشاندنەوەی تەواوی ئەو حوکمانەی کە لەلایەن بیدادگاکانی رژیمەوە بۆ ئیحزاری کریکاران دراوە، مەمنوعییەتی بێئەملاو ئەولای هەرجۆرە موحاکمەیەکی کریکاران و ئازادی بێقەید و شەرتی تەواوی ئەوان، خواستی دەست بەجێ و قەتعی ئیمەیە.

کەمپەینی ئازادی کریکاران
٣٠ ژوئەنی ٢٠٠٤

# نامەی کەمپەینی ئازادی کرێکاران بۆ گای رایدیری

نامەیەك کە کەمپەینی ئازادی کریکاران لە رۆژی ٣٠ ژوئەنی ٢٠٠٤دا بۆ "گای رایدێر"ی سەرۆکی کونفدراسیونی جیهانی ئیتحادیە کرێکارییە ئازادەکان ناردویەتی.

ئاغای گای رایدیر دەبیر ئەوەلی کونفدراسیونی ئیتحادیە کریکارییە ئازادەکان!

ئیوە لە هیرشی هیزە سەرکوتگەرەکانی دەولەتی بورژوازی ئیران بۆسەر خۆپیشاندانی ئەوەلی مانگی مەی شاری سەقز و دەستگیری و زیندانی کردن و ئەشکەنجەی ٧ کەس لە هەلسوراوانی بەنیو بانگی بزووتنەوەی کریکاری لەو رۆژانەدا بە باشی ئاگادارن. ئەو هەیئەتەی کە ئیوە ناردبوتان وە هەروەها خانمی "ئانا بیوندی" کە دەبیری هەیئەتەکە بوو، ئەوەیان لەبیرە کە ئیعترازاتی جەماوەری کریکاری ئیران و جیهان لە ئاستیکی بەربلاودا و لەدژی دەستگیری و زیندانی کردنی هەلسوراوانی کریکاری، سەرەنجام رژیمی کۆماری ئیسلامی مەجبور بە پاشەکشە و ئازادی کاتی کریکاران کرد.

کۆماری ئیسلامی بورژوازی لەو رۆژانەدا، لەژیر کاریگەری زەختەکانی نارەزایەتی دەربرینی کریکاران وە بە شیوەیەکی مەسلەحەتی و ئیجباری، رەزایەتی بەوە دا کە زیندانیەکان ئازاد بکرین، بەلام لە هەمان کاتدا، تەواوی راهکار و سیاسەت و پیش شەرتە پیویستەکانی بۆ پەیگەردەکانی دواتری ئەوانی ئامادە کردبوو. دو کەس لە ئازاد کراوەکان لەلایەن موحاکمەی قەزایی رژیمەوە بانگ کراون. بێشك باقی ئازاد کراوەکانیش بۆ دادگاکانی رژیم ئیحزار دەکرین. هەرکەس کە کەمترین شناختی لەسەر کارنامەی جینایاتی دژی کریکاری دەولەتی بورژوازی ئیران هەبیت، بە روونی ئەوە دەزانن کە هەر چارەنوسیکی شووم و تەنانەت ئیعدامیش چاوەرێی ئەم هەلسووراوانە دەکات. لە وەها هەل و مەرجیك دا ئەرکی هەر کریکاریکی وشیار لە هەر گوشەیەکی جیهان و ئەرکی هەر ریکخراوە و کۆمەلیکی کریکاری نیونەتەوەییە کە دەنگی نارەزایەتی خۆی لەدژی موحاکمەی ئەو کریکارە خەباتگیر و پیشرەوانەی بزووتنەوەی چینایەتی ئیران هەلبرێ. ئەرکی هەر کریکاریك و کۆمەلیکی کریکاری لە هەر گوشەیەکی دنیا کە بن ئەوەیە کە یارمەتی بکەن بۆ ئازادی بێقەید و شەرتی ئەم کریکارانە. دانانی وەکیلی مرۆڤ دۆست و ئیعلامی ئامادەگی وەکیلەکان و ماف ناسە نیونەتەوەییە نارازییەکان بە جینایەتەکانی رژیمیش دەتوانی ریگەیەکیتر بیت لەو کارزارە سەراسەرییەی کە بۆ ئازادی ئەم کریکارانە وەرێ دەخریت. ئیمە داوا لە ئیوە واتا کونفدراسیونی جیهانی ئیتحادیە کریکارییە ئازادەکان دەکەین کە لە هەموو بوارەکاندا و لەوانەش لە ئەمری دیاری کردنی وەکیل و ناردنی ماف ناسە نیونەتەوەییە عادلەکانی جیهان بۆ دیفاع لە ئازادی ئەو کریکارانە ئەوپەری یارمەتیمان بدەن. وەکیلە هەلبژیردراوەکانی ئیوە دەبی هەر لە ئەورۆوە لە مەتنی ئەو ئیعترازانەدا بن و ئامادەگی خۆیان بۆ بەشداری لە مەحکەمەکاندا و قوناغەکانی بازپورسی و دیفاع لە کریکارەکان راگەیەنن. کونفدراسیون و وەکیلە هەلبژیردراوەکانی ئەوان لە هەر ریگەیەکەوە کە بۆیان دەکری دەبی هەول بدەن هەتا حوزوری خۆیان لەو بیدادگایانەی رژیمی بورژوازی ئیران و موحاکمە قەزاییە دژی کریکاری و سەرمایەدارییەکانی کۆماری ئیسلامی، بەسەر رژیم دا بسەپێنن.

ویرای ریز، کەمپەینی ئازادی کریکاران
٣٠ ژوئەنی ٢٠٠٤

# هونەر و ئەدەبیات

## داستان: زەمینەکانی پێکهاتنی و ئەرکەکانی

نووسینی: عەباسی سەماکار

وەرگێرانی: سەعید ئەمانی

له دەم بەیانی میژووەوە، هونەر، لەژیر کاردانەوەی سروشتی توورە و بێرەحما، لە روالەتی "نەخشی دەست"دا لە دایك بوو، وە لە کازیوەی سەردەمی نوێدا رۆمان هاتە دیناوە. دەرکەوتنی خۆری سەردەمی نوێ، ساتە و ختیکی بنەرەتی بوو لە میژووی ئوروپا و دنیادا. لە سەرەتای ئەو سەردەمەوە، مرۆڤ بووە ئەساس و سەرچاوەی هەموو شتیك و دەورانی رەگاژۆ و بووژانەوە و دەورانی کەسایەتی تاك، سەری هەلدا. چاوگیرانیك بە دەورانی رەگاژۆ و بووژانەوە دەریدەخات کە چۆن تیپەر بوو لە گشتیەتی کۆمەلگای داخراوی تەنیای دێ نشینیەوە بۆ کۆمەلگای کراوەی شارنشینی، بەرهەم هینان بۆ بازار (بەرهەم هینانی کالایی) و سەوداگەری روو لە گەشە، بواری تیپەر بوون لە دەسەلاتی زوهد و حوزوری "دون کیشوت"ی لە کۆمەلگای نویدا رەخساند. "دون کیشوت" بەرهەمی هەرگیز نەمری سروانتس، بە سەر و سیمای تەنز ئامیزی خۆیەوە، جارڕەدەری چ شتیك بوو؟ یەقینەن نەیدەتوانی هەلگری بایەخگەلی رەسمی و لە چوارچیوە خراوی سەدەکانی نیوەراست بێ، ئەو، وەك مرۆڤیك، ئیتر مەریك لە رانەمەری شوانە ئاسمانیەکەی (مەسیح) نەبوو. بەلکو "کەسیك" بوو نوێ و خاوەن کەسایەتی. جاردەری "مرۆڤی دۆزەرەوە و نوێ خواز" و "تاك" لەمەوبەدوا، مرۆڤیکی کە پیشتر ماڤ گەران و هیتر ویستنی بۆ بە رەسمی نەدەناسرا، لە قەوارەیەکی نویدا بە ناوی "دون کیشوت" وەك ئینسانیکی پر بایەخ "مرۆڤی هەل و مەرجە نوێ و بێوینەکان، مایەوە و رەسمیەتی پەیدا کرد. دون کیشوت بە پیکەنینەوە دەیروانیە گشت سەدەکانی پشت سەر و بە مزاح و شۆخیەوە یاری بە داهاتووش دەکرد. شتیکی کە پیشتر سزای مەرگی بۆ دیاری دەکرا، ئیستا بە بەرەکەتی رۆمانەوە، رەوا راگەیەندراوە. دون کیشوت تەنها راگەیاندنی بوونی "تاك" نەبوو، بەلکو بە رەسمی ناسینی حەقانیەتیش بوو. هەر "تاکیك" لەمە بەدواوە ماڤ هەبوو. وە، بۆ هەوەلین جار، ئەم مافە لە ریگای "رۆمانەوە" بە دنیا راگەیەندرا و مرۆڤی بزۆز و جوست و جۆگەر بە شیوەی رەسمی لە ئەدەبیات دا ریزی لیگیرا. بەم چەشنە "دون کیشوت" تەنها هەر شوینەواریکی ئەدەبی نەبوو، بەلکو لە شکلی راستەقینەیدا، شکایەت بە دژی رابردوو و مانیفێستی دنیایەکی نوی بوو کە لە پشت چەندین سەدە ئالۆزی و نابەسامانی و تاریکی‌یەوە سەری هەلدابوو وە سەری هەلدەدا. ئەم جەزبە و ئەنگیزە هونەرمەندانەیەی ژیان سەرەتای دەست پیکردنی شورش و هیترخوازی بوو لەم رووەوە، "دون کیشوت" بەرهەمی بزوتنی مرۆڤ لە رووداوەکان و سەوداگەری دنیای نویدا دەژمیردرێ. واتە داستان نیو دەنرێ هونەری نوێ و شیعری زەمانە: واتە شیعری مودیرن، شیعری ساتەکان و شیعری ئەمرۆ: شیعری سەردەمیکی نوی کە مرۆڤ لەودا لە گۆرەپانی کوللیاتەوە چۆتە ناو ناخی سەرنج و زەین دان لە وردە کاریەکانی ژیان.

هەرچەند ئینسان، لە روانگەی شیعرەوە، لە سەرەوە دەروانیتە جیهان، بەلام ئەم نابیتە کۆسپ تا نەتوانی کە لەگەل داستان دا زەرەبینێ بە دەستەوە بگری و بکەویتە کۆلان و شەقامەکان بۆ دۆزینەوەی راستەقینە.

بەم شیوەیە، بەشی نویی ئەدەبیات، واتە "داستان" بەپیی ئەنگیزەی دەربرینی توخم و پیکهاتەی کۆمەلگای نوێ لە دایك دەبی: بەم مەبەستەی کە کەمایەسی ئەدەبیات (کە تا ئەم سەردەمە لە چوارچیوەی حەماسە و شیعر و حیکایەت و تراژدی دا قەتیس بوو) قەرەبوو بکاتەوە. دون کیشوت، بەرهەمی هەرگیز نەمری سروانتس، بەدیهێنراوی نویی ئەدەبی ئەم سەردەمە یانی، داستانە. لەم رووەوەیە کە هیچ هونەریك لە بواری نەقد و لیکدانەوەی جیهان دا ناگاتە ئەدەبیات. بگرە شیعریش، لەو جیگایەی کە خۆی لە خشل و بۆیە نارۆشنیەکان دەتەکینی، وەها تواناییەکی رەخنەگرانەی نیە.

لە دنیای بەر لە داستان دا، لە کۆمەلگا داخراوەکانی پیشوو، بەر لەوەی شارنشین ببیتە خەسلەتیکی بەرچاوی زۆریك لە کۆمەلگای بەشەری، مرۆڤی دێ نشین کەسیك بوو لە نەفسی خۆیدا بەرتەسك. ئەو کە لە تیکە زەوییەك دا لەناو جەرگەی کیو و بیابانەکاندا سەرگەرمی کشت و کال بوو، بەکردەوە لەکاتی کاردا موحتاجی کەسی‌تر نەبوو. ئەو زۆرتر بۆخۆی و بنەمالە و بەلای زۆرەوە بۆ ئەرباب و مەسرەفی بنەمالە ئەربابی بەرهەم دین و ئاستی بەرتەسکی بەرهەم هینان و لەسەر پیی خۆ راوەستان پیویستی حزوری بەردەوام لە بازاری گۆرینەوەی کالای بۆ بەدی نەدەهینا. بە واتایەکی‌تر، چۆن ژیانی بەرهەم هینان لەگەل کۆمەلی مەسرەفکەردا گرێ نەدەدرا، پیویستی بە هاوئاهەنگی و یەك بوون لەگەل کۆمەلیدا نەبوو. بەم پییە، پەیوەندی بەرینی کۆمەلایەتی بۆ مرۆڤی دێنشین لایەنیکی لاوەکی هەبوو وە وەك ئەمریکی رابواردن و سەرگەرمی چاوی لێ دەکرا و دیارە لە ئاستی کۆر و کۆبوونەوەگەلیکی بچووك و سوننەتی‌دا دەمایەوە و نەیدەتوانی لە چوارچیوەی بەرتەسکی سنووری دێ بترازێ. لە وەها حالەتیکدا، روالەتی مرۆڤ لە ئەدەبیات و هونەردا، کە لاسایی کردنەوەی، کردارە کۆمەلایەتیەکان دەسازینی، روالەتیکی تا رادەیەك بەردەوام بوو کە لە زەینیەتی دێ دا وەك بت پایەدار بوو وە سەبارەت بە ریزدانان بۆ سوننەتەکان، لەگەل گۆرینیشی‌دا دژایەتی دەکرا، لە چوارچیوەی ئەدەبیات دا، ئەم روالەتە جیا لە گشت وێژی، نەسیحەت گەرایی، پاییەندی بە سوننەت، گرایش بە تەرکی دنیا و مەیل بە تەقوایەکی کە لە حیماسە و حیکایەت و تراژدیدا، نەیدەتوانی شتیکی تر بیت.

بەلام لە کۆمەلگای شاری‌دا، و بە حزوری لە گۆرەپانی هەمە جۆری بەرهەم هینان دا بۆ بازار، مرۆڤ پیی نایە بازنەی مناسباتیکی ئالۆزی کۆمەلایەتیەوە کە لە بنەرەتەوە لەگەل شیوەی پەیوەندی و مناسباتی دێ دا جیاوازی بوو. ئەم مناسباتە نوییە وەها جۆراوجۆر و بەرین بوو کە هەر جۆرە رەنگیکی‌تری بە "روالەتی گشتی" مرۆڤ دەبەخشی و خافل بوون و بێ هەوال مانەوە لیی بە واتای دور کەوتنەوە لە هۆویەتی کۆمەلایەتی لە قەلەم دەدرا. لە کۆمەلگای نوێدا، ئیتر وەك پیشوو، پەیوەندی و ئاشنایەتی راستەوخۆ لەگەل عەناسوری پیك هینەری کۆمەلگادا ئیمکانی نەبوو. شارەکان لەوە گەورەتر بوون کە بکری کەسیکی تیدا بناسیەوە و ئینسان سەرقالتر لەوە بوو کە لەم جەنجالی و گرفتاریە گەورەیەدا، بتوانی راستەوخۆ جەماوەری دەوروبەری خۆی بناسێ.

بەم پییە مرۆڤی سەوداگەر و بە تاك گەیشتووی نوێ مەودای لە بوارە بەرتەسکە قەومیەکان گرت و لە چوارچیوەی کارکردی پیوەندیەکانی وەك زمان و فەرهەنگ دا، چەشنیك پیوەندی ناراستەوخۆ و ئنتزاعی بەدەست هینا لەگەل کەسانی‌تردا.

پیویستە بزانین کە ئەمری پیوەندی، لە وەها دنیایەکدا، بە چ شیوەیەك رووی‌دا. فەرهەنگ و باقی توخمەکانی پیوەندی دەر بە چ چەشنیك لەنیوان ئینسانە تەریك کەوتوەکان لە یەکتری کۆمەلگای بەرینی شاری دا پیك دیت و دەبیتە هاوبەش؟ پەیوەندی راستەوخۆ ئیمکانی نەبوو. کە وایە دەبی چەشنیك پیوەندی ناراستەوخۆ لەنیوان یەکە کۆمەلایەتیەکاندا دابمەزرایە. ئەم پەیوەندی‌یە، زۆر ئالۆز، جۆراوجۆر و هەلینجراو بوو وە هیندیك سەرنج دان دەری دەخات کە زۆرتر لە ریگای راگەیەنەرەکانە وە بە ئاکام گەیشت. ئینسانی کۆمەلگای نوێ کەرەسەیەکی پەیوەندی دەری دروست کرد کە تەنیا تایبەت بە کۆمەلگای شاری بوو. و یەکەمین توخمی ئەم پەیوەندییەش هەر رۆمان بوو. رۆمانیکی کە لەودا رەنگدانەوەی رووداوگەلی کۆمەلگای نوێ مەجالی دەرکەوتنی بۆ رەخسا.

بەم شیوەیە، ئینسانیکی کە لە تاریکی چەندین سەدە حاکمیەتی تەفەکوری چەق بەستوی دەرباز بوو ئیتر خۆی، نە لە گۆرەپانی ئەخلاقیاتی ئاسمانی و یەگانە و هەلینجراوی سەدەکانی کلیسایی، بەلکو لە پانتایی ژیانیکی نویدا، کە سەمەرەی ئال و گۆر و ئاوەژوو بوونەوەی ئەو بوو دۆزیەوە: لە گۆرەپانی دنیای نویدا و لە پانتایی داستان دا: لە مەیدانی هەول و کۆشش و سەوداگەری و پانتایی بۆچوون سەبارەت بە راستەقینەی رووداوەکان.

ژرژدوهامل دەلی: "لە دەست چوونی قەتعیەتی بایەخەکان دەتوانی ببیتە هۆی سەرلیشیواوی و بێهیوایی. هەر لەو حالەش دا رەنگە بنەرەتیك بێ بۆ گۆمان گەرایی‌یەکی شەفا بەخش. راست بە لەناو چونی ئەم قەتعیەتە راستەقینەیە و پیکهاتنی هەمەلایەنەی کەسانی‌ترە کە مرۆڤ دەچیتە خانەی تاکەوە"

هەر ئەو لە وتاریکی دیکەدا دەلی: "رۆمان، قەلپەزەی کونجکاوی سەبارەت بە هەستی بوو، وە بە سەدان روالەت و دەرکەوتنی تاکی بەدەست هینا. ئەمیش بە هەولی سروانتس و رابلە و دیدرو و ئسترن بەدی هات".

بە بروای میلان کوندراش: "بەردەوام دوو گرایشی دژ بە یەك لە بواری ئازادی‌دا، هەرەشە لە تاك دەکات: لە لایەکەوە نەهیلیسمی بە تەواو مانا و لەبەر یەك ترازانی گشت بایەخەکان، وە لە لایەکی‌ترەوە ئارەزو و مەیلیکی فرە بە راستەقینەیەك کە ئیمکانی دابەش کردنی نیە و حاشا هەلنەگر. رۆمان ئەو لایەنە گرینگەی وە ئەستۆ گرت کە داکۆکی لە سنوری دەسەلاتی نارۆشن بکات و ببیتە بەهەشتی خەیالی تاکەکان: بەهەشتیکی کە لەودا هیچ کەس خاوەنی راستەقینە نیە. بەلام ماڤ گشت کەسیکە دەرك بکرێ.

بەم شیوەیە رۆمان لەدایك بوو و رەوتی ئال و گۆر پیکهینانەکەی دەست پیکرد. بە هیندیك سەرنج دان دەتوانی بزانی لەم هونەرە نوییەدا، چ جیاوازی‌گەلیکی ماهەوی لەگەل نموونەکانی پیشتری نەسری ئەدەبی‌دا، وەك حیکایەت و تراژدی، لە ئارا دایە و لە پانتایی پیکهاتەیی‌دا، ئال و گۆرەکان چۆن خۆ دەردەخەن.

---

# سوریە منداڵانی کورد زیندانی و ئەشکەنجە دەکات

بەپیی راپورتی ریکخراوی ماڤ مرۆڤ مندالانی کورد لە سوریە دەدرینە بەر ئەشکەنجە و لیدان و لە ئاکامدا دەخرینە سلولی تاکە کەسیەوە.

ریکخراوەی ماڤ مرۆڤ "ئامنستی ئینترنەشنال" سوریەی بەهۆی ئەشکەنجەی زیاتر لە ٢٠ مندالی نیوان ١٤ تا ١٧ سال تەمەنی کورد لە زیندانەکانی ئەم ولاتە مەحکوم کردووە.

ئەم مندالانە لە کاتی خۆپیشاندانەکانی مانگی مارسی ٢٠٠٤ لە سوریە دەستگیر کراون هەروەها ئەم ریکخراوە رایگەیاند، بە سەدان کوردی سوری بە تومەتی بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکانی مانگی مارسی ئەمسال لە زیندان دا بەسەر دەبەن چارەنوسیکی نادیاریان هەیە.

# تورکیە ناتوانێت بەر بە توندوتیژی دژ بە ژنان بگرێت

ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی حکومەت و دەزگای قەزایی تورکیەی بەوە تاوانبار دەکات کە ناتوانیت بەر بە توند وتیژی دژ بە ژنان بگریت.

لە دوایین راپورتی ئەم ریکخراوەیەدا هاتووە ژنانی تورکیە دەکەونە بەر توند وتیژی بنەمالە.

بەپیی دوایین راپورتی هەوالنیری BBC هاتووە نزیکەی ٥٠ دەرسەدی ژنانی تورکیە رۆژانە تووشی توند و تیژی جەستەیی، جنسی، جوین و توند وتیژی دەرونی دەبنەوە.

لە راپورتی ریکخراوەی لیبوردنی نیودەولەتی‌دا ویرای ئاماژە بەوەی کە توند و تیژی دژ بە ژنان لە تەواوی ولاتانی ناوچەکەدا پەرەی سەندووە بەلام فەرهەنگی زال بەسەر ولاتی تورکیە بە تایبەت کوردستانی تورکیە ریگای بۆ پیاوانی لە ئازار و ئەزیەت و توند وتیژی دژ بە ژنانی خۆش کردووە.

# دواین هەواڵ لە هەل و مەرجی زیندانی کراوەکانی کورد لە سوریە

٢٥ زیندانی کورد لە دادگای نیزامی سوریە دادگایی دەکرین. بەپیی ئەم هەواله ئەم دادگایی کردنە بریارە رۆژی ٢٠٠٤/٧/٢١ بەریوە بچیت.

ژمارەی ئەو کوردانەی کە لە روداوەکانی قامیشلیەوە گیراون و لە دادگای نیزامی‌دا موحاکمە کراون نزیکی ٢٠٦ کەس بووە. لەنیو گیراوەکانی روداوەکانی قامیشلی ٤٠ مندال بون کە نیوان ١٢ تا ١٧ سال تەمەنیان بووە. ئەو مندالانە بە توندی لە زیندانەکانی دەولەتی سوریە ئەشکەنجە کراون. تویژینەوەکانی پزشکی یاسایی دەریان خستووە کە ئەو مندالانە کەوتونەتە بەر شیوەگەلیك لە ئەشکەنجە وەکو نینوك دەرهینان، لووت شکاندن، گوێ برین و لە بەرق دان کە ئاسەواری ئەشکەنجە بەسەر هەموو لەشیانەوە جیماوە.

هەروەها ٨٠ کوردی‌تر بەرەورووی دادگای ئاسایشی دەولەتی کراونەتەوە و هیشتا لیکولینەوەیان لی نەکراوە و نزیکەی ١٤٠ کەسی‌تریش هیشتا پەروەندەکەیان بۆ دادگاکان نەنیردراوە، ئەم ژمارەیە جگە لەو ٢٠٠ کەسەیە کە هیشتا لە بەندیخانەدان و پەروەندەیان نەکەوتوەتە رو.

پێشڕەو

دەورەی دووهەم    ژمارە ١٩١    نیوەی ئەوەڵی پووشپەری ١٣٨٣_ جولای ٢٠٠٤

# هەواڵەکانی کوردستان و ئێران

## هەل و مەرجی کرێکارانی شیرکەتی نیك گازی سنە

شیرکەتی نیك گازی سنە یەکیکە لە شیرکەتە خسوسیەکانی پەخشی گاز لە سنە و شارەکانی ئوستانی کوردستان. ئەم شیرکەتە لە مەسیری جادەی سنە_ سەقز و لە نزیك ئاوایی "سەراوقامیش" هەلکەوتووە. لەم شیرکەتەدا نزیکەی ١٠ کریکار کار دەکەن، کاری نیگابانی و شوفیری و کاری بار کردن. ئەم کریکارانە کارەکەیان زۆر سەختە و لە هەمان حالیش دا پرمەترسییە.

خاوەنی ئەم شیرکەتە کەسیکە بە نیوی "فەرەجی" کە هەلس و کەوتی لەگەل کریکاران باش نیە و بەردەوام لە حەقدەستی کریکاران دەگیریتەوە و پیان نادات. ئەو کریکارانە هەر مانگ نزیکەی ١٢٠ هەزار تمەن وەکوو حەقدەست وەردەگرن کە هەر وەك وتمان خاوەنکار لەم پولەش گل دەداتەوە و لە ئاست نارەزایەتی کریکاران بەم کارە دەلی من حەقی بیمەتان بۆ دەدەم. کاری شوفیری قورسترین کاری ئەم شیرکەتەیە، چونکە دەبی گاز بگەیەننە شارەکانیتری ئوستان و رۆژانە بۆ ماوەی ١٢ تا ١٤ سەعات لە ریگادان. ئەو کریکارانەش کە وەك نیگابان کار دەکەن جیا لەو کارەیان دەبی کاری بار لیدان و تەخلیەی ماشینەکانیش بکەن.

کریکارانی شیرکەتی نیك گاز لە هەر چەشنە ماف و مەزایایەك بێبەشن. ئەو کریکارانە لە بۆنی کریکاری کە ماڤی بێئەملاو ئەولای خۆیانە بێبەشن. ئەمنیەتی شوینی کاریان نیە، لیباسی تایبەت و دەسکیشیان پێ نادری و ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە کریکاران تووشی نەخۆشی پیستی بن. ماشینەکانی ئەو شیرکەتە زۆربەیان قەدیمی و کۆنن و گرفتی زۆر بۆ شوفیرەکان ساز دەکەن. هیچ چەشنە مەرەخەسیەکی سالیانە بۆ کریکارانی ئەم شیرکەتە لە ئارادا نیە و دەبی سال دوازدەی مانگ لەسەر کار بن و ئەگەر رۆژیك کریکاریك گرفتی بۆ هاتە پیش و نەیتوانی بچیتەوە سەر کار لە حەقدەستەکەی کەم دەکریتەوە. زۆربەی کریکارانی ئەم شیرکەتە کرێ نشینن و وەزعی مالیان باش نیە. بە سەرەنج دان بەوەی کە ئەم شیرکەتە لە دەرەوەی شار هەلکەوتووە و کریکاران دەبی بۆ گەیشتن بۆ شوینی کارەکەیان بە ماشین بچن، بەلام خاوەنکاران کری ماشینەکەیان کە زۆریشە نادەنەوە و بەشیك لە حەقدەستەکەیان بەمجۆرە سەرف دەکریت. ئەگەر کریکاران نارەزایەتی دەرببرن خاوەنکار پییان دەلی: سەر چاوم هاتن، هەر کەس ئەم بارودۆخەی قەبوول نیە ناچار نیە کار بکات من کەسی دیکە لە جیگای دادەمەزرینم. کریکارانی شیرکەتی نیك گاز بەهۆی نەبوونی کاریکی دیکە ناچارن ئەم وەزعیەتە تەحەمول بکەن تەنیا بۆ ئەوەی سفرەی بێرەونەقیان بێرەونەق تر نەبی.

## هێرشی رژیم بۆسەر ئازادیيە کۆمەلایەتییەکان لە شاری بۆکان

مەئمورانی ئیدارەی ئەماکنی رژیم لە شاری بوکان لە رۆژی ٢٧ی جۆزەردانەوە دەستی کردووە بە ئەزیەت و ئازاری شوفیری تاکسیەکان و بە نیوی پشکنین بۆ "نەواری کاسیت" لە فەلەکەی فەرمانداری ئەو شارە چەند کەس لە شوفیری تاکسیەکانیان دەستگیر کردووە، بەپیی ئەم هەوالە دادگاکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئەم شوفیری تاکسیانەی بە ٣٠٠٠٠٠ تمەن جەریمەی تەعلیقی مەحکوم کردووە. مەئمورانی ئەماکن هەروەها هیرشیان کردە سەر نەوار فروشیەکان لە شاری بوکان و دەستیان داوەتە ئەزیەت و ئازاری دوکان دارەکان. ئەم هیرشە درندانەیەی رژیم بۆسەر ئازادیە کۆمەلایەتیەکان بە راوەستاوی خەلك ولامی پیویست وەرئەگریتەوە.

## جینایەتی هێزەکانی رژیم و کوژرانی کەسێك لە خەڵکی مەریوان

بەپیی هەوالیك لە ناوچەی مەریوانەوە، دوینی شەممە ریکەوتی ١٣ی پوشپەر سەعات ٢ی دوانیوەرۆ تویوتایەکی بارەبەری کە کەل و پەلی پیویستی خەلکی ئاواییەکانی مەریوانی پی دەبی لە نزیك ئاوایی "بیلو" لەلایەن گەشتیەکانی پایگای ناو دێ دەخریتە کەمین و لەلایەن ئەو جینایەتکارانەوە تەقەی لی دەکری کە لە ئاکام دا ماشینەکە وەردەگەری و شوفیرەکەی بەناوی سەلاحی پیلەیی کوری خەلیفە گیان لەدەست دەدات. ئەم جینایەتەی بەکریگیراوانی رژیم دەبیتە هۆی نەفرەت و بیزاری هەرچی زیاتری خەلکی ناوچەکە لە رژیم.

ئیمە ئەم کردەوە جینایەتکارانەی هیزەکانی رژیم بە توندی مەحکوم دەکەین و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەمالەی کاك سەلاحی پیلەیی دەکەین.

## مقاومەتی خەڵکی شاری مهاباد لە بەرانبەر دەست درێژی "چەکدارەکانی مەنگور"

رۆژی چوارشەممەی رابردوو لە کاتیکدا کە چەند چەکداری مەنگور لە یەکیك لە کۆلانەکانی شاری مهاباد تیپەر دەبن، بێ حورمەتی بە چەند کەس لە ژنانی بنەمالەیەك ناسراو بە یوسفی دەکەن، ئەندامانی بنەمالەکە لێیان وەدەست دین و دیفاع لە خۆیان دەکەن و بەکریگیراوەکانی رژیم راو دەنین.

دوابەدوای ئەو روداوە شەو چەکدارەکانی مەنگور بە هیزی زۆرتر و بە چەکەوە دینە سەر ئەو بنەمالەیە و بە شیوەیەکی وەحشیانە ئازاریان دەدەن و چەند کەسیکیان لی بریندار دەکەن. هەوالی ئەم دەست دریژیەی بەکریگیراوان بە خیرایی لە شاری مهاباددا بلاو دەبیتەوە و شەپولیك لە بیزاری و تورەیی شار دادەگریت، دوای ئەوەی کە رژیم هیچ کاردانەوەیەك بەرانبەر بەم روداوە لە خۆی نیشان نادا و بەکردەوە کاری بەکریگیراوەکان تەئید دەکات، خەلکی شار بە حەرەکەتیکی هاوئاهەنگ شار بە تەواوی تەعتیل دەکەن و لە بەرەبەیانی ئەو رۆژەوە لە چوار ریی ئازادی و چەند شوینیتری شار کۆ دەبنەوە. رژیم هیزیکی زۆری تایبەتی لە هەموو شوینی شار جیگیر کردبوو و دەیهەویست بە هەرەشە و هیز نواندن پیش بە خۆپیشاندانی خەلك بگرێ.

ئیمە ئەم دەست دریژیەی چەکدارەکانی مەنگور بۆسەر بنەمالەی یوسفی بە توندی مەحکوم دەکەین و پشتیوانی لە خەباتی خەلکی شاری مهاباد دەکەین.

## گیان لەدەست دانی زەحمەتکێشێکی تێکۆشەری لایەنگری کۆمەڵە لە ناوچەی سنە

لەماوەی حەوتوی رابردودا لەسەر جادەی سنە_ حەریران تەسادوفیك رو دەدات، کە بەداخەوە کەسیك بەنیوی "عەبدوللای حاجی میرە" گیانی خۆی لەدەست دەدات، ئەم تەسادوفە لە نزیك ئاوایی "سۆفیان" رو دەدات. جیگای باسە کە کاك "عەبدوللا" کەسیکی زەحمەتکیش و لایەنگری کۆمەلە بووە و لە مەراسیمی ئەسپەردە کردنیدا بەهۆی خوشەویست بوونی لەنیو خەلك دا جەماوەریکی زۆر بەشدارییان کردبوو.

ئیمە سەرەخۆشی لە بنەمالەی کاك عەبدوللا دەکەین و خۆمان بە بەشداری غەمیان دەزانین.

## تەقینەوەی مین لە کوردستان جارێکیتر قوربانی دەگرێت

بەپیی هەوالی گەیشتوو لە ناوچەی مەریوانەوە رۆژی جومعە ریکەوتی ٥ی پوشپەر لە ئاوایی "ئاسناو"ی مەریوان بەهۆی تەقینەوەی مین کەسیك بە ناوی "محەممەد عەنایەتی" بە توندی بریندار دەبیت.

لەماوەی سێمانگی رابردوودا ئەمە شەشەمین روداوی تەقینەوەی مین لە ناوچە سنوریەکانی کوردستانە کە دەبیتە هۆی کوژران یان بریندار بوونی خەلکی زەحمەتکیشی ئەو ناوچانە. مینە پاشماوەکانی شەری ئیران و عیراق رۆژ نیە کە لە خەلکی زەحمەتکیشی ئەم دیو و ئەودیوی سنور قوربانی نەگریت.

## درێژەی سیاسەتی رژیم لە روخاندنی خانوی خەڵکی زەحمەتکێش لە شاری سنە

شارەداری شاری سنە لە ترسی موقاومەتی جەماوەری لە باتی ئەوەی دریژە بە روخاندن و ویران کردنی مالی گەرەکە هەژارەکان بە کۆمەل بدات دەستی داوەتە فیلیکی تازە ئەویش ویران کردنی مالی ئەو زەحمەتکیشانە کە بە شیوەی پەراکەندە دروست کراون. بەم شیوەیە هەردەم پەلامار دەبەنە سەر مالیکی دیاری کراو و بە پەلە دەیروخینن و پیش ئەوەی هەوالەکەی بلاو بیتەوە و خەلکی زۆر کوببنەوە و خۆیان بۆ موقاومەت ئامادە کەن پاشەکشە دەکەن.

سیاسەتی دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی لە روخاندنی خانوو بەرەی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش لە گەرەکە هەژار نشینەکانی شاری سنە دەبیت بە خۆراگری و هاوپشتی خەلکی ئەم گەرەکانەن بەرەورروو بیت و پیش بگیریت بەوەی کە بەکریگیراوانی رژیم هیرش بەرنە سەر ژیانی خەلکی زەحمەتکیش.

## کرێکارانی نانەواخانەکانی کرماشان هەر بە قەدەر ساڵی رابردوو حەقدەست وەردەگرن

بە دوای تیپەر بوونی ٤ مانگ لە سالی ٨٣ کریکارانی نانەواخانەکانی شاری کرماشان هەر بە رادەی سالی پیشوو حەقدەست وەردەگرن، کریکارانی نانەواخانەکانی کرماشان لە ماوەی ئەم ٤ مانگەدا هەولیان داوە کە حەقدەستی دیاری کراوی ئەمسال وەربگرن بەلام هەولەکانیان بێئاکام ماوەتەوە و خاوەنکاران لە دانی حەقدەستی دیاری کراو خۆ دەپارێزن و رایانگەیاندووە کە حەقدەستی کریکاران کاتیك دەچیتە سەرێ کە نرخی نان زیاد بکریت.

٤٠٨٦ کریکار لە ٨٦٠ نانەواخانەی شاری کرماشان کار دەکەن.

## هاورێیەکی کۆمەڵە بەهۆی کردەوەی دژی ئینسانی هیزەکانی ئینتزامی گیانی لەدەست دەدا

رۆژی شەممە ١٦ی پووشپەر هاورێی تیکۆشەر کاك سالحی محەممەدی دانیشتوی ئاوایی پێڵە لە حالیك دا کە بە بریك کودی شیمیاییەوە بە ماشینیکی بارهەلگری چکولەوە لە بەردەم پاسگای رژیم لەنیوان ئاواییەکانی دەرەوەران و بیلۆ تیپەر دەبی ماشینەکەی وەردەگەری و گیانی لەدەست دەدا. هیزەکانی رژیم لەسەر ئەو جادەیە بزماری تایبەت بۆ پەنچەر کردنی ماشینیان بلاو کردبووەوە بۆ ئەوەی ناچار بن لەو شوینە بمیننەوە و ئەوانیش فورسەتیان بەدەستەوە بی بۆ ئەوەی پارەیان لی بستینن. کاك سالح کە تەنیا کودی شیمیایی پی بوو لە بەردەم پایگاکە رەد دەبی بەلام فەورەن لاستیکەکەی دەتەقی و ماشینەکە وەردەگەرێ. شایانی باسە کە خەلکی دەور وبەر خیرا بەدەم روداوەکەوە دین و کاتیك هیزەکانی ئینتزامی دەگەنە ئەو شوینە خەلك کە بە تاوانباریان دەزانن، بەردەبارانیان دەکەن.

هاورێ سالحی محەممەدی سیمای ناسراوی ناوچەی مەریوان و تیکۆشەریکی لە میژینە بوو کە ماوەیەك لە تەمەنی خۆی لە ئەشکەنجەگاکانی رژیمی ئیسلامیدا تیپەر کردبوو.

ئیمە بە بۆنەی ئەو روداوە دلتەزینە پر بەدل سەرەخۆشی لە بنەمالە و کەس و کاری ئەو ئازیزە و هەروەها لە هەموو خەلکی ئاوایی پێڵە دەکەین.

## کۆبوونەوەی نارەزایەتی کرێکارانی شیرکەتی "سیم و کابلی باختەر" لە بەردەم ئیدارەی گشتی سەنایع و مەعادنی کرماشان

کریکارانی شیرکەتی "سیم و کابلی باختەر" سەر لەبەیانی رۆژی پینج شەممە ٤ی پوشپەر لە نارەزایەتی بە دەرکردنی ژمارەیەك لە کریکارانی ئەم ناوەندە لە بەردەم ئیدارەی گشتی سەنایع و مەعادنی ئوستانی کرماشان کۆبوونەوەیەکیان وەری خست. نوینەری کریکارانی سیم و کابلی باختەر یەکیکیتر لە هۆکارەکانی ئەم کۆبوونەوەیەی لی نەهاتوویی بەریوەبەرایەتی ئەم ناوەندە راگەیاندوە و دەلی: بەریوەبەرایەتی ئەم شیرکەتە نە تەنیا هیچ سەرەنجیك نادات ویست و داخوازیەکانی ئیمەی کریکار بەلکوو لە هەولی ئەوەدایە هەتا وەکو زەرەر و زیانی ناشی لە بە فروش نەگەیشتنی بەرهەمەکانی ئەم ناوەندە بە دەرکردنی کریکاران قەرەبوو بکاتەوە. هۆکاریکیتری ئەم کۆبوونەوەیە نارەزایەتی لە بەکردەوە دەرنەهاتنی یاسای کاری سەخت و مەترسیدار بۆ کریکارانی ئەم ناوەندە بوو.

## ١٢٠٠ کرێکاری "نەقش ئیران" ناوە ناوە بێکار کراون و کارخانەش داخراوە

خاوەنکارانی کارخانەی "نەقش ئیران"ی قەزوین بە پیلانی جۆراوجۆر ژمارەیەك لە ١٢٠٠ کریکاری ئەم کارخانەیان ناوە ناوە دەرکردووە و کارخانەشیان داخستووە.

خاوەنکارانی ئەم کارخانەیە بە بیانوی گورینی پیکهاتەی کارخانە چەندجار دەستیان داوەتە کەم کردنەوەی هیزی کار و کریکارانیان بیکار کردووە. لە ئاخرین پیلانی خاوەنکاران دا ٤١٠ کریکاری ئەم کارخانەیە یەك سال و نیو لەوەپیش لەسەر کار دەرکران و تا ئیستا لە بیمەی بیکاری کەلك وەردەگرن. ٣٧٠ کریکاریتری ئەم کارخانەیە بیکار کران و کارخانەش یەکسەر داخرا بەمجۆرە تەواوی ١٢٠٠ کریکاری ئەم کارخانەیە یەکجاری بیکار کران. جیگای ئاماژەیە بە دەرکردنی ١٢٠٠ کریکاری ئەم کارخانەیە و وەلام نەدانەوەی خاوەنکاران و بەرپرسانی رژیم دەردەکەویت کە خاوەنکاران بە پشتیوانی بەرپرسانی رژیم بە ئامانجی خۆیان دەگەیەنن و ئەوەی کە هیچ بایەخیکی بە لایانەوە نیە چارەنوسی کریکارانیکە کە بیکار دەکرین.

## نارەزایەتی پەرستاران لە رۆژی ٤ی گەلاوێژەوە دەست پێ دەکاتەوە

بەپیی راگەیاندنی نوینەرانی پەرەستاران، وا بریارە پەرستارانی سەرتاسەری ئیران رۆژی ٤ی گەلاویژ کۆبوونەوە و خۆپیشاندانیکی بەرین وەری خەن. پەرەستارانی ئیران لەماوەی یەك سال و نیوی رابردوودا بەردەوام بۆ چارەسەری گیر وگرفتەکانیان بە شیوەگەلیکی جۆراوجۆر دەستیان داوەتە نارەزایەتی بەلام هەولەکانیان بێ ئاکام ماوەتەوە. لە خوارەوە بوونی هیزی پەرەستاران، واگوزاری نەخوشخانەکان بە بەشی خسوسی، لە سەرەوە بوونی سەعاتی کار، لە بەرچاو نەگرتنی پیشەی پەرەستاری وەکو پیشەگەلیکی دژوار و هەلاواردن و بیکاری پەرەستاران لە سەرەکیترین گیروگرفتەکانی ئەوان راگەیندراوە.

## هێرشی بەسیجیەکان بۆسەر کتێبخانەی "ئەمیر شەرەف"ی تاران و لێدانی لاوان

هیزەکانی بەسیجی لە شەقامی ئیمام حوسەین هیرش دەکەنە سەر کتیبخانەی "ئەمیر شەرەف" و کچان و کورانی حازر لەو شوینە دەدەنە بەر ئەزیەت و ئازار و لیدان.

ئەم هیرشەی بەسیجیەکان بەرە بەیانی رۆژی چوارشەممە ١٠ی پوشپەر بەریوە چووە و ژمارەیەك لە لاوان لەم هیرشەدا بریندار دەبن.

سیاسەتی رژیم لە هیرش بۆسەر ئازادیە کۆمەلایەتیەکان هەروا بە شیوەیەکی درندانە دریژەی هەیە.

## دادگایی کردنی ١٩ کورد لە دادگا سەربازیەکانی سوریە

١٩ کورد کە لە زیندانی "سیدنایا" بەند کرابوون بۆ لیکۆلینەوەی زیاتر بەری کران بۆ دادگای سەربازی دەمیشق. ئەم گیراوانە لە ئاکامی راپەرینی شاری قامیشلی گیراون.

هەروەها وا بریارە رۆژی ٢٠٠٤/٧/٢١، ٢٥ زیندانی کورد لە دادگا سەربازیەکانی سوریە دادگایی بکرین. بەپیی دوایین ئامارەکان ژمارەی ئەو زیندانیانەی تا ئیستا رەوانەی دادگا سەربازیەکان کراون ٢٧٩ کەس راگەیندراوە.

# پرسیار و وەلام



## هۆمانیسمی سوسیالیستی

هاورییان نگین و کانی لە ئەنجومەنی ژنانی پیشرەو دەپرسن:

هۆمانیسمی سوسیالیستی بە چ مانایەك بە کار دیت

هاورییانی نەگین وکانی بەریز! مانای وشەی هۆمانیسم، ئینسان گەرایی یان " ئینسانیەتە" و گەلیك جار بە مانای ئینسان دۆستیش بە کار دیت. بناغەی هۆمانیسم یا ئینسان گەرایی لەوەوە هاتۆە کە بە پیچەوانەی بۆچوونی ئائینی/ ئینسان بونەوەریکی بێ دەسەلات نیە کە چارەنووسی لە رۆژی لە دایك بونیەوە دیاری کرابێ و هیزیکی نەناسراو لە ئەوپەری تواناییەکانی خۆیەوە، بەم لایان بەولادا ببات بەلکو لای وایە کە ئینسان میژووی خۆی بە دەستی خۆی ریك دەخات. ئینسان یە خیری دەسەلاتی هیزەکانی نەناسراوی سروشت نیە، بەلکوو لە دەست وپەنجە نەرم کردن لەگەلٚ ئەو کەندو کوسپانەدا کە دینە سەر ریگای ژیانی، کەسایەتی خوشی بوینات دەنیٚ.

ئینسان بەرهەمی هەل و مەرجیکی کومەلایەتی یە کە تیدا دەژین و ئەو هەل و مەرجەش هەر خۆی بە دەستی خۆی خولقاندویەتی. جیاوازی تایبەتمەندیەکانی ئەخلاقی و و فەرهەنگی و بیرو بووچونی ئینسانەکان، پیوانەکانیان بۆ هەلسەنگاندنی چاکە و خەراپە، هیچکام لەوانە لە ریگای سروشت و لەریگای ئیرسیەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەویەکی تر ناگوازینەوە، بەلکوو هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە کەسایەتی ئینسانەکان وا پەیدا دەبن، بەرهەمی ژیان و ئەو پەیوەندەیە کومەلایەتیەن کە تییدا هەلکوتوون.

کە وایە هۆمانیسم کیشەکانی ناو کومەلگا و جۆری چارەسەرکردنیان هەلدەگەرینیتەوە بۆ ئینسان خۆی. ئینسان بەرهەمی میژوویە و خۆی میژووی خۆی بینا دەکات، کەوابێ ئینسان بەرهەمی دەستی خۆیەتی. هەموو میژووی ژیانی ئینسان بریتی یە لە خۆلقاندنی ئینسان لە رەوتی کارو بەرهەم هێنان دا.

هومانیسمی سوسیالیستی، ئەندیشەیەکە کە هەل دەگەریتەوە بۆ دەورانی گەشەی سەرمایەداری و سەر هەلدانی ئینسانی نویٚ خوازی سوسیالیست. ئەگەر کار خولقینەری ئینسانە، لەو نیزامەدا ئینسانی کریکار لە بەرهەمی کاری خۆی جیا دەبێ تەوەو بەرهەمی کاری ئینسان بۆ بەربەست کردنی ریگای پیش کەوتنی بەکار دیت.

بەرهەمی کار دەبیتە سەروەت و دەسەلات بۆ سەرمایەدار و بەندەکانی کویەلەتی نویٚ،و کویلەتی سەرمایەداری پیٚ مەحکەم تر دەبێ.

بەو مانایە ئینسان لە بەرهەمی کاری خۆی، یانی لەو دەس کەوتەی، یانی لەو دەس کەوتەی کە وتمان خولقینەری خودی ئینسانە، نامۆ و بیگانە دەبێ.

هۆمانیسمی سوسیالیستی، هەول دەدات ئەو ناکوکی یە چارەسەرکات و ئامانجی هۆمانیسمی سوسیالیستی ئەوە نییە کە جیگای ئینسانی کریکار و ئینسانی سەرمایەدار بگوریتەوە، بەلکوو ئامانجی کوتایی هینان بە نیزامی چینایەتی یانی رزگارکردنی هەموو ئینسانەکان لە نەگبەتیەکانی سەرمایەداری لە شەرو ویرانکاری، لە نەخوشی بی عیلاج و هەزار دەردو مەرگی تر. هۆمانیسمی سوسیالیستی دەی هەویٚ ئینسان لە چنگ نیزامیك رزگار کات کە تییٚدا خوشەویستی ئینسانەکان بۆ یەکتر لە کوت وبەندی جیاوازی چینایەتی دا یەخسیرکراوە.

ئەو خوشەویستییە کاتیك مسوگەر دەبێ کە ئینسانەکان لە ئەوپەری پیداویستی یەکانی مادی رۆژانەیان دا، یەکتریان خۆش بویٚ و پیویستیان بە یەکتر لە چوارچیوەی پیویستی ئابوری و بەرتەسکی رۆژانەدا قەتیس نەبێ.

هومانیسمی سوسیالیستی بەو مانایە لەگەلٚ قوول ترین هەستی ئینسان دۆستی تیکەلاوە و هەرگیز بناغەی خۆی لەسەر توندوتیژی و تۆلە سەندەنەوە بیناناکات. شورشی سوسیالیستی ئینسانەکانی نامو لەیەکتر دەکاتە کومەلانیك کە دەست لە ناودەستی یەکتر دەچنە نەبەردی ئەو کەندو کوسپە کۆنەو نوییانەی کە ریگا لە بەرەوپیش چوون و ریگا لە قوول تر بونەوەی خوشەویستی ئینسانەکان بۆ یەکتر دەگرن.

ژمارەیەکیتر لە تیکۆشەرانی کوردستان هاتنە ناو ریزی پیشمەرگایەتی کۆمەڵەوە

رۆژی ٣١ی جۆزەردان واحیدیکی تازەی پیشمەرگە کە دەورەی ئاموزشی سیاسی و نیزامییان لە فیرگەی پیشمەرگایەتی کۆمەلە سەرکەوتوانە تەواو کردبوو بە رەسمی بە ریزی هیزی پیشمەرگە پەیوەست بوون. بە بۆنەی پەیوەست بوونی ئەو هاورییانە بە ریزی پیشمەرگایەتی کۆمەلە ریٚ و رەسمیکی گەرم و گۆر هاوکات لەگەل ریزگرتن لە رۆژی پیشمەرگەی کۆمەلە بەریوە چوو. لەو ریٚ و رەسمەدا پەیامی مەسئولی فیرگە و پیشمەرگە تازەکان و هاورییانی بەشی پەزیرش خویندرایەوە و چەندین سرود و بەرهەمی هونەری پیشکەش کرا. گۆڤاری پیشرەو پیرۆزبایی لەو هاورییانە دەکات و سەرکەوتنیان لە پیناوی ئامانجی بەرزی کۆمۆنیزم و سەرکەوتنی خەباتی شورشگیرانە لە کوردستان بە ئاوات دەخوازیٚ.



### پاشماوەی ئەوە کانە بەردە...

کەلکیان لی وەردەگیری. لەگەل هەمووی ئەوانەش دا سیستمی تەهوییەی ئەو مەعدەنانەش زۆر قەدیمین و زۆربەشیان خراپ بوون بۆ کەلك لی وەرگرتن نابن وە هەتاکوو ئیستا سیستمی نویٚی تەهوییەی هەوا بۆ ئەم مەعدەنانە بەلام ترومبیلی باش بۆ هات و چۆی کریکاران وجودی نیە و کریکاران بە کامیونە بار هەرلگرەکان هات و چۆی مال و شوینی کاریالن دەکەن، کە ئەمەش ئەمنیەتی گیانی کریکاران دەخاتە مەترسیەوە.

ریکخراوە کریکارییەکان لە قالبی شورای ئیسلامیدا تەنیا لە مەعدەنی فارياب دا هەیە و مەعدەنەکانی ئیسفەندەقە و ئاب دەشت تەنانەت لەو ریکخراوانەش بیٚبەرین.

ئەوانە ئەو مەواردەن کە خودی رژیم دانی پیٚداناون. ئیمە دەبی کوشتاری کریکارانی خاتون ئابادی کرمان لە رۆژی ٣ی ریبەندانی ١٣٨٢ش بەو لیستە زیاد بکەین. جیا لەوانە ئەو نەخۆشیانەش کە بەهۆی کەم نوری و گازی سەممی جیا لە میتان کریکاران توشی دەبن، دەبی ئیزافە بکەین. سەعات کاری دور و دریژ و کاری تاقەت پروکینی ئەو مەعدەنانەش دەبیتە هۆی ئەوەی کە ناوەنجی تەمەنی ئەو کریکارانە یەکجار زۆر بیتە خوارەوە. شوینیکی ئاوا بۆ ئەوە نابێ نیوی بنیین شوینی کار، بەلکو دەبوایە نیوی قەسابی یان کوشتارگا بوایە. هیچ کاش شایانی وەها ژیانیك نیە و کەسیش نابی ژنیکی لەم چەشنە قەبوول بکات.

کۆماری ئیسلامی هەل و مەرجی کار و ژیانی کریکارانی بە دەیان سال بەرەودواوە پال پیوە ناوە. بە داخەوە کریکاران زۆریان ئیجازە بە کۆماری ئیسلامی داوە کە عومر بکات. هیچ ئاخوندیك حازر نیە کە تەنانەت ١ رۆژیش وەك کریکارانی مەعدەن کار بکات. ئەگەر پیمان وایە کە ئەم ژینە تالە دەبی لەسەرمان لاچیت ئەوە دەبی بێینە ریزەکانی پیشەوەی نارەزایەتی دەربرینەکانی و داوای ژیانیك و دنیایەکی باشتر بکەین. کریکارانی مەعدەن دەبی رۆژی تەنیا ٤ سەعات کار بکەن، بیٚئەوەی کە حەقدەستەکانیان لی کەم بکریتەوە. دەبی ئیمکانی ئەوەیان هەبێ کە بۆ بەرگری کردن لە تووش بوون بە نەخۆشی بە خۆرایی سەردانی پزیشك بکەن. دەبی ئیمکانی ئەوەیان هەبێ کە دوای چەند سال بێ کەسری حقوق لەسەر کاریکیتر دابمەزرین. تەنیا مەرجەعیکی غەیری دەولەتی و پەیوەندیدار بە کریکارانی ئەو مەعدەنانەیە کە دەتوانی ئەوە بلی کە چ کاریك و چ ماوەیەك و چۆن و لەلایەن چ کریکاریکەوە ئەنجام بدرین.

ئەگەر بمانهەویت رۆژیك بی کە کۆتایی بەم هەل و مەرجە بیت دەبی هەر لە ئەو رۆوە دەست بەکار بین. کۆماری ئیسلامی نە دەیهەویت و نە دەتوانی کە چکولەترین خواستەکانمان کە دانی حەقدەستەکانمان بیت، وەدی بینی. دەبی ئەو رژیمە بروخیت و ئەوەش بە بێ خەباتیکی ریکخراو وەراست ناگەریٚ. بریار نیە کە فریشتەیەك لە ئاسمانەوە رزگارمان بکات، ئیمە دەبی بۆ خۆمان دەست بەکار بین. دەبی هەول بدەین کە لە هەر شوینیك کە هەین کۆمەلە گشتییەکانی خۆمان ریك بخەین و لە ریگەی خەباتیکی ریکخراوەوە خۆمان لە کریکارانیتری ئیران نزیك کەینەوە.

### پاشماوەی فراکسیونی مەجلیسی...

ئیرتجاعیە دژ بە ژنەکانە.

مەجلیسی کۆماری ئیسلامی ئورگانیکە کە لە خزمەت نیزامی ئیسلامی دایە، کە وایە دەبیٚ بتوانی کە پیداویستیەکانی ئەم حکومەتە دەستەبەر بکات. ئەگەر قەرار بوو کە مەجلیسی شەشەم بە فریوکاری ئیسلاح خوازییەوە، هەول بدات بۆ دریژەدانی ژیانی کۆماری ئیسلامی، مەجلیسی حەوتەم قەرارە کە لە ریگەی گۆپالی سەرکوت ئەم هیزە سیاسیە ئیرتجاعی و سەدەی ناوەراستیە رابگریت.

سەیر لەوە دایە کە لەو رۆژانەدا ژنانی لایەنگری بالی ئیسلاح خواز لەم دەرفەتە کەلکیان وەرگرتووە و هەول دەدەن بە کەلك وەرگرتن لە بیزلیکراوی مەجلیسی حەوتەم، عەوامفەریبی ژنانی مەجلیسی شەشەم لەژیر ناوی تەرەقی خوازی تەبلیغ بکەن.

نا! گرینگ نیە لەو زەرفەدا کە ناوی مەجلیسی کۆماری ئیسلامییە، ئیسلاح خوازانی حکومەتی حوزوریان بیت یان موحافزەکاران. ئەو مەجلیسە، لانەی حاکمە مورتەجعە ئیسلامیەکانە و دەبی خزمەت بەوان بکات، جا چ وەك دوی خوردادیەکان بە فریوکاری بێ و چ وەك پاوانخوازانی ریبەری بە هەرەشە و ترساندن و تۆقاندن بیت. ئەو مەجلیسە دەبی پشتیوانی لە نیزامی ئایینی بکات، دەبی لایەنگری ژیردەستەیی ژنان بێ، جا جاروبارە لە ریگەی چەند ژنی فریوکار و چەند لایحەی بێخاسیەت، جاروبارەش لە ریگەی بالی خاهەرانی زەینەبەوە. ئەوەی کە روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە دەتوانن وەك نوینەر لە دەرکەی مەجلیس بچنە ژورەوە ئەو کەسانەن کە بە شیوەیەك لە شیوەکان خۆش خزمەتی خۆیان بە نیزامی کۆماری ئیسلامییان بە کردەوە سەلماندبێ، ئیتر هیچ فەرقیك ناکات کە سەر بە کام بالی پەلەوەر بن، داروەدستەی دوی خوردادی بن یان داروەدستەی موحافزەکارانی ریبەری.

زۆرینەی ژنان لە هەلبژاردنی رەشەمەی سالی رابردو نیشانیان دا کە نە خوشباوەرییەکیان بەو نوینەرانەی حکومەت هەیە و نە بە ئیسلاحات لە چوارچیوەی نیزامی ئیسلامیدا.

بزووتنەوەی ژنان حیسابی خۆی لەگەل حکومەت و ئەو رەوتانەی کە نیسبەت بەو نیزامە تەوەهوم پەراکەنی دەکەن جویٚ کردۆتەوە و هەول دەدات کە بە تەرحی خواستەکانی خۆی لە بزووتنەوە کۆمەلایەتی و چینایەتیەکاندا، هەرچی زیاتر ئەم بزووتنەوانە بەرەولای دیموکراتیزمیکی شورشگیرانە پال پیوە بنیٚ.

ا. درەخشان

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 191 JULY: 2004

# ئه‌وه كانه‌به‌رده یان كوشتارگا؟

هه‌والنیری كاری ئیران دانی به‌وه دانا كه له مه‌عادنی زوغال سه‌نگی ئوستانی كرمان له هه‌ر مانگ دا یه‌ك كه‌س گیانی له‌ده‌ست ده‌دا و رۆژێ ١ كه‌سیش بریندار ده‌بیت. له كۆتاییه‌كانی سالی رابردودا دوو كه‌س له كریكاران به‌هۆی وه‌رگه‌رانی بولدۆزیریكه‌وه گیانیان له‌ده‌ست دا و له دوایین كاره‌ساتیش دا یه‌كیك له كریكارانی ئه‌و مه‌عده‌نه به‌هۆی پیسی هه‌وا و گازی میّتان گیانی له‌ده‌ست دا. سیاسه‌تی رژیم بۆ ئه‌و مه‌عده‌نانه ته‌نیا و ته‌نیا سودئاوه‌ری و قازانجی زۆرتره. ئه‌م كریكارانه له هه‌ل و مه‌رجیكی یه‌كجار دژواردا كار ده‌كه‌ن و هیچ ئیقدامیكیش بۆ چاره‌سه‌ری گرفته‌كانیان ناكریت. له حالی حازردا نزیكه‌ی ٤ مانگه كه حه‌قده‌ستی ئه‌م كریكارانه نه‌دراوه. له كۆتاییه‌كانی سالی رابردودا، كریكارانی ئه‌و مه‌عده‌نانه له به‌رده‌م ئوستانداری كرمان دا كۆبوونه‌وه و توانیان كه پولی ٨ مانگی حه‌قده‌سته دواخراوه‌كانیان وه‌رگرن. تونیل گه‌لیك به شیبی ٢٥ ده‌ره‌جه و دریژایی ١٠٠ میتر بۆ هاتوچۆی كریكاران داندراوه كه له هه‌ر مه‌عده‌نیكیش دا ٧ تا ٨ تونیلی وای تیدایه. ئه‌وه‌ش له حالیك دایه كه كریكاران بۆ هات و چۆ كردن به‌ناو ئه‌و تونیلانه‌دا هیچ ئیمكاناتیكی له چه‌شنی ئاسانسۆر یان پلیكانی باش نیه. بۆ روناكایی ئه‌و تونیلانه هه‌تا ئیستاش له‌و چرایانه كه‌لیك وه‌رده‌گیری كه پییان ده‌وتری "چراموشی" كه له ماوه‌ی ٥٠ سال له‌مه‌وبه‌ره و

بروانه ل ٧

# خۆراگری خه‌ڵكی شاری مهاباد

## * رژیم مل به داواكاری خه‌لك نادا

## * كێشه‌كان به‌رده‌وامن

له دریژه‌ی خه‌بات و ئیعترازی خه‌لكی شاری مهابادا ریكه‌وتی ٧ی پوشپه‌ر هیزه سه‌ركوتگه‌ره‌كانی ئینتزامی و هیزی تایبه‌ت هیرش ده‌كه‌نه سه‌ر خه‌لكی ئه‌و شاره. به‌پیی ئه‌م هه‌والانه، خه‌لكی خه‌باتكار و خۆراگری شاری مهاباد له به‌رانبه‌ر هیرشی به‌كریگیراوانی رژیم راده‌وه‌ستن و تیك هه‌لچونی خه‌لك له‌گه‌ل هیزه سه‌ركوتگه‌ره‌كانی رژیم تا نزیكه‌ی شه‌و دریژه‌ی هه‌بووه. به‌كریگیراوانی رژیم له‌م هیرشه‌دا ده‌ستیان داوه‌ته ئه‌زیه‌ت و ئازاری خه‌لك و ژماره‌یه‌كیان ده‌ستگیر كردووه، خه‌لكی شاری مهاباد یه‌ك ده‌نگ و به‌تیكرا سورن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه به‌كریگیراوانی چه‌كداری مه‌حه‌لی له‌و شاره سزا بدرین.

خه‌لكی خه‌باتكار و شورشگیری شاری مهاباد رۆژی یه‌كشه‌ممه ٧ی پوشپه‌ر و بۆ دووهه‌مین رۆژ به داخستنی دوكان و بازار دریژه‌یان به ناره‌زایه‌تی خۆیان دا. به‌پیی هه‌واله‌كان وابریاره كه ئه‌م ناره‌زایه‌تی‌یه تا گه‌یشتن به ئاكامی خۆی دریژه‌ی هه‌بیت، جیگای ئاماژه‌یه ئه‌م ناره‌زایه‌تیه‌ی خه‌لكی مهاباد به‌هۆی مل هۆری و ده‌ست دریژی به‌كریگیراوانی چه‌كداری مه‌نگور كه هه‌وسار پچراو هیرش ده‌كه‌نه سه‌ر خه‌لك و هیزه‌كانی رژیمی كۆماری ئیسلامیش به‌ریان پێ ناگرن به‌ریوه ده‌چیت.

جیگای باسه رۆژی چوارشه‌ممه‌ی رابردوو چه‌كداره‌كانی مه‌نگور هیرشیان كرده سه‌ر بنه‌ماله‌یه‌ك به نیوی یوسفی و چه‌ند كه‌س له ئه‌ندامانی ئه‌و بنه‌ماله‌یان بریندار كرد.

# فراكسیونی ژنانی مه‌جلیسی حه‌وته‌م:

## فراكسیونێك له‌دژی ژنانی ئیران

١٢ ژن كه له مه‌قنه و چارشیّودا پیچراونه‌ته‌وه و ته‌نیا لووتیان دیاره، دوای هه‌لبژاردنی مه‌جلیسی حه‌وته‌می مانگی ره‌شه‌مه‌ی سالی رابردوو، سه‌ره‌نجام چه‌ند حه‌وتوو له‌مه‌وبه‌ر به ره‌سمی له‌سه‌ر كورسیه‌كانی مه‌جلیسی كۆماری ئیسلامی پالیان داوه. ئه‌و ژنانه هیشتا تۆزی ریگایان له خۆیان نه‌ته‌كاندووه كه خه‌ت و نیشان كیشان له‌دژی ژنانی ئیرانیان ده‌ست پیكردووه، تا وه‌كوو ئه‌گه‌ر كه‌سیك به‌وه خوشباوه‌ره كه ئه‌وانه خیریك بۆ ژنانی ئیران ده‌ده‌نه‌وه، خه‌ونی دیتووه! هیوادارین خیّر بیت!

ئه‌و ١٢ ژنه وه‌ك ١٣ ژنه‌كه‌ی پیش خۆیان و ١٤ ژنه‌كه‌ی به‌ر له ئه‌وان و ئه‌وه‌كانی‌تری به‌ر له ئه‌وان نیشانیان دا كه ته‌نیا ژن بوون ناتوانی به مانای پشتیوانی كردن له مافه‌كانی ژنان بیت. نیشانیان دا گرینگ نیه ژنان له پوسته ده‌وله‌تیه‌كان دا بن، چونكه ئه‌و ژنانه به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانیان له‌و رژیمه‌دا ده‌بیننه‌وه، رژیمیك كه یه‌كیك له بنه‌ماكانی ژن ستیزییه. پیشینه‌ی ئه‌و ١٢ ژنه ئه‌وه‌مان پی نیشان ده‌دات كه هه‌ركامه‌یان ده‌وریان بووه له راگرتن و دانانی یاسا دژی ژنه‌كانی ئه‌و رژیمه.

خانمی نه‌فیسه‌ی فه‌یازبه‌خش و مونیره‌ی ئه‌رخه‌وان بێته‌ره‌ف: نیشانده‌ری حوزوری خه‌لك و به تایبه‌تی ژنان له‌و هه‌لبژاردنه‌دا بوون. هه‌ر دووكیان له مه‌جلیسی پیّنجه‌م دا حوزوریان هه‌بوو وه هه‌ر دووكیان ده‌وری سه‌ره‌كی‌یان هه‌بوو له په‌سه‌ند كردنی یاسا ئیرتجاعیه دژ به ژن و دژ به ئازادییه‌كان. نه‌فیسه خانم شانازی ئه‌وه‌ی هه‌یه كه له په‌سه‌ند كردنی یاساكانی مه‌منوعیه‌تی ته‌سویری ژنان و جیاكردنه‌وه‌ی پزشكی ژنان و پیاوان ده‌وریكی سه‌ره‌كی بووه. له رۆژنامه‌ی هه‌مشه‌هری‌دا خانمی فه‌یازبه‌خش رایگه‌یاندبوو كه یه‌كیكه له به‌رهه‌لست كارانی سه‌رسه‌ختی په‌یوه‌ست بوونی ئیران به كونوانسیونی نه‌هیشتنی هه‌لاواردن له‌سه‌ر ژنان.

خانمی مونیره‌ی ئه‌رخه‌وانیش هاورێ له‌گه‌ل هاوسه‌ره‌كه‌ی، پیكهاتنی به‌سیجی دانشجوویی له دانشگاكانی مه‌تره‌ح كرد. هیچ پیویست ناكات كه باسی ده‌ور و نه‌خشی ئه‌م ئورگانه له سه‌ركوتی دانشجویان دا بكه‌ین. خانمی مونیره و هاوسه‌ره‌كه‌ی ته‌رحی ئیسلاحی قانونی چاپه‌مه‌نیشیان مه‌تره‌ح كرد. ته‌رحیك كه به‌پیی ئه‌و زۆریه‌ك له رۆژنامه و گۆڤاره‌كان داخران.

"فاتمه‌ی ئالیا" كه یه‌كیكی‌تره له نوینه‌رانی مه‌جلیس، ئه‌ندامی شورای ناوه‌ندی خاهه‌رانی زه‌ینه‌به و هه‌روه‌ها جیگری به‌رنامه داریژی و لیكۆلینه‌وه له سه‌دا و سیمایه. له خۆرا نیه كه ئه‌و سه‌رسه‌ختانه له به‌رنامه دژ به ژنه‌كانی سه‌دا و سیما پشتگیری ده‌كات. جیا له‌وانه ئه‌و له ئیرتجاعی‌ترین و موحافزه‌كارترین و كویرترین هیزه سیاسیه‌كانی ئیران دا ئه‌ندام بووه و هه‌یه. بۆ وینه ئه‌و له رابردوودا ئه‌ندامی شاخه‌ی دانشجویی حیزبی به‌د نیوی كۆماری ئیسلامی بووه.

لاله‌ی ئیفتخاری و ئیلهامی ئه‌مین و فاتمه‌ی ره‌هبه‌ر و زیبا كه‌دخودا، هه‌ر هه‌موویان ئه‌ندامی جامعه‌ی زه‌ینه‌ب بوون و هه‌ركامه‌یان به شیوه‌یه‌ك له شیوه‌كان خۆش خزمه‌تی خۆیان به سیاسه‌ته سه‌ركوتگه‌رانه‌كه‌ی رژیمی ئیسلامی نیشان داوه. بۆ وینه ئه‌ندامی دانشجویانی خه‌تی ئیمام بوون یان ئه‌ندامی به‌سیجی دانشجویی بوون.

ژماره‌یه‌ك له‌وان وه‌ك عه‌شیره‌تی شائیّق بۆ خۆیان پیشینه‌ی خۆیان راگه‌یاندووه. ئه‌و بۆ ئه‌وه‌ی كه ببی به ئه‌ندامی "كومیسیونی ئه‌منیه‌تی مللی و سیاسه‌تی ده‌ره‌كی مه‌جلیس" رایگه‌یاند هه‌رچه‌ند كه رشته‌ی دانشگاییه‌كه‌ی ئه‌وه نیه به‌لام پیشینه‌ی كاری ئه‌منیه‌تی هه‌یه.

خانمی ره‌فعه‌تی به‌یاتیش هه‌ر له سه‌ره‌تاوه به راگه‌یاندنی ئه‌و مه‌سه‌له‌یه كه كونوانسیونی نه‌هیشتنی هه‌لاواردن له‌سه‌ر ژنان دژی شه‌رعه، نیشانی دا كه ئه‌ویش ئیراده‌ی تایبه‌تی هه‌یه بۆ موحافزه‌كارانی دژ به ژن.

هه‌رچه‌ند كه بۆ ئه‌وه‌ی روانگه و جیگا و شوینی ئه‌وان بناسین، هه‌ر ئه‌وه به‌سه كه بزانین كۆماری ئیسلامی پشتگیری لیكردوون.



ته‌واوی ژنانی مه‌جلیس، پالیوراوانیك بوون كه جه‌ریانی ئیرتجاعی موحافزه‌كارانی رژیم پشتیوانی لیكردون. پشتگیری ئه‌و باله ئیرتجاعیه له‌و ١٢ ژنه ئه‌وه‌مان به روونی بۆ ده‌رده‌خات كه ئه‌و ژنانه هه‌ركامه‌یان له دانانی بناغه‌ی ئه‌و نیزامه‌دا ده‌وریان بووه. چاوخشاندنیك به‌سه‌ر وته‌كانی ژماره‌یه‌ك له نوینه‌رانی ژنی ئه‌و مه‌جلیسه ئه‌وه‌مان به روونی بۆ ده‌رده‌خات كه ئه‌م ژنانه جیا له خه‌ونه ئالۆزه‌كانی پیشوو چ خه‌ونگه‌لیكیان بۆ ژنانی ئیران دیوه.

فاتمه‌ی ئالیا رایگه‌یاند كه ژنانی ئوسولگه‌رای مه‌جلیس، یانی ته‌واوی ئه‌و ژنانه‌ی كه باسمان كردن له‌گه‌ل په‌یوه‌ست بوونی ئیران به كونوانسیونی نه‌هیشتنی هه‌لاواردن له‌سه‌ر ژنان دژایه‌تی‌یان هه‌یه. ئه‌و به‌ر له‌وه‌ی كه له‌سه‌ر سه‌نده‌لیه‌كانی مه‌جلیس پال داته‌وه بۆ ده‌ست گه‌رمی رایگه‌یاند كه چه‌ند ژنه بوونی پیاوان به قازانجی ژنانه. به‌پیی ئه‌و قسه‌یه‌ی ئه‌و بێ ده‌بی ژنان قۆل هه‌لمالن و له فكری ژنی دووهه‌م و سیّهه‌م بۆ میرده‌كانیان بن. وه بۆ ئه‌وه‌ی كه متمانه بدات به هاوپیاله‌یی‌یه پیاوه‌كانی خۆی له مه‌جلیس دا رایگه‌یاند كه "مه‌سه‌له‌ی به‌شه‌مال و دیه"، هه‌ر به‌و شیوه‌یه‌ی كه له قورئانیش دا ئاماژه‌یان پێ كراوه به قازانجی ژنان و پیاوانه. چونكه خالقی مرۆڤه‌كان، خیر و سه‌لاحی به‌نده‌كانی خۆی باشتر ده‌زانی. به‌م شیوه‌یه ئه‌ویش رایگه‌یاند كه وه‌ك خالق باوه‌ری به‌وه هه‌یه كه ژن ناقس ولعه‌قله و ده‌بی به‌شه‌مال و دیه‌ی ئه‌و نیوه‌ی پیاوان بێ.

بێشك فراكسیونی ژنانی مه‌جلیسی حه‌وته‌م، پێ به پیی پیاوانی ئه‌و ده‌وره‌یه دووباره نیشان ده‌ده‌نه‌وه كه مه‌جلیسی كۆماری ئیسلامی چ به ئیسلاح خوازان و چ بێ ئیسلاح خوازان خانووی هیزه

بروانه ل ٧

# خه‌ڵكی ئه‌وێهه‌نگ رێگا ناده‌ن پایگای پاسداران له ئاواییه‌كه‌یان دابندرێ

له‌ماوه‌ی چه‌ند رۆژی رابردوودا یه‌كیك له به‌رپرسانی سپای پاسدارانی رژیم له ناوچه‌كه‌دا، چووه‌ته ئاوایی ئه‌ویهه‌نگ و وتویه كه ده‌یانهه‌ویت له‌م ئاواییه پایگا لی بده‌ن و بۆ ئه‌م كاره‌ش پیویستیان به هاوكاری و یارمه‌تی دانی خه‌لكی ئاواییه‌كه هه‌یه، به‌لام خه‌لكی ئه‌م ئاواییه به هیچ جۆریك حازر نه‌بوون هاوكاری رژیم بكه‌ن و ئه‌م قوله كار به‌ده‌سته‌ی رژیمیش سه‌رشۆر و بێهیوا گه‌رایه‌وه سنه.

## پێشڕه‌و

ئورگانی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی كۆمه‌له

سازمانی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران

ئیدیتور:

ئیبراهیم عه‌لیزاده

كۆمیته‌ی ناوه‌ندی كۆمه‌ڵه

Add: Sulimania- Zerguez

Tel:
0044707- 7520- 781
0044707- 7567- 855

Fax: 00447043129273

E-mali:
Komalah@komalah.org

ده‌بیرخانه‌ی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I
BOX 70445
107 25 Stockholm- Sweden
Tel/Fax: 46- 08- 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

ئینترنت:

سایتی كۆمه‌ڵه www.komalah.org

سایتی رادیو كۆمه‌ڵه www.Radiokomaleh.Com

سایتی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران www.cpiran.org

نوینه‌رایه‌تی كۆمه‌ڵه له كوردستانی عیراق

Add: Sulimania-Rezgary

Tel: 3124760 - 3125815:

E-mail:
Komalah@hotmail.com

نوینه‌رایه‌تی كۆمه‌ڵه له ده‌ره‌وه‌ی ولات

k.k.
p.o.Box 75026
Box: 750 26 uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46- 18- 46 84 93
e-mail:
komala@cpiran.org

ده‌نگی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران:

شه‌وانه: ٢١تا ٢٢ جومعه به‌یانیان ٨ تا ٩

شه پولی كورت ٧٥، ٦٥ و ٤٩ میتر

ده‌نگی شۆڕشی ئیران (رادیۆ كۆمه‌ڵه):

به‌یانی: ٧ تا ٨ نیوه‌رۆ: ١٣ تا ١٤ ئیواران: ١٨/٣٠ تا ١٩/٣٠

شه‌وانه: ٢٢-٢٢/٣٠

شه‌پولی كورت ره‌دیفه‌كانی: ٧٥ میتر به‌رابه‌ر به ٣٨٨٠ كیلۆهیّرتز

٦٥ میتر به‌رابه‌ر به ٤٣٨٠ كیلۆهیّرتز ٤٩ میتر به‌رابه‌ر به ٦٤٢٠ كیلۆهیّرتز